

# ریفراندۆم کەرنەڤاڵێکی میللی بوو پێش ٢٥ی ئەیلوول جیهان ئاکامەکەی بینی

**ئەگەر رێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان نەگیرێت عێراق لە دەوڵەتێکی شکستخواردووەوە. دەبێتە بەڵا بۆ هەموو ناوچەکە**





**جۆش و خرۆشی خەڵکی کوردستان لە پرۆسەی ریفراندۆمدا، ئەگەر لەسەرەتادا جۆرێک لە نیگەرانی لای وڵاتە گەورەو زلهێزەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دروست کردبێت، بەوەی ئەم هەنگاوەی کوردستان کاریگەری لەسەر شەڕی دژی داعش، یان تێکدانی سەقامگیری و گەڕانەوەی ئاوارەکان دەبێت، بەڵام خواستی خەڵکی کوردستان لە میانەی پرۆسەی ریفراندۆم کۆمەڵێک راستیی پێشکەشی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە خزمەت بە ئاسایش و سەقامگیری عێراق و تەواوی ناوچەکە و قۆناخی پۆست داعش دەکات، ئەو راستییانەش ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان لە رۆژانی پێش ٢٥ی ئەیلوول چ داخوازی و خواستێکی هەبووە، ئێستا دوای ٢٥ی ئەیلوولیش هەمان خواست و داخوازی هەیە کە بریتییە لەوەی عێراقی دوای داعش بە جۆرێک رێکبخرێتەوە کە وەڵامدەرەوەی خواستی پێکهاتەکانی بێت (بە کوردو شیعە و سوننەوە)، رێگەی راست بۆ سەقامگیری و ئاشتی تەنیا ئەو رێگەیەیە کە رێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان و تەواوی پێکهاتەکانی عێراق بگیرێت، لەبەر ئەوەی ماوەی ١٠٠ ساڵە عێراق بە زەبری هێز بە یەکگرتوویی هێشتراوەتەوە، ئەگەر تەنیا رێگەیەکیش بۆ مانەوەی دەوڵەتێک ئەوە بێت بە زەبری هێز بە یەکەوە بهێڵدرێتەوە، ئەوا ئەو دەوڵەتە شایەنی ئەوە نییە کە بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە**

رۆژی ٢٢ی ئەیلوول کە دوارۆژی بانگەشەی ریفراندۆم بوو لە کوردستاندا، خەڵکی کوردستان لە هەولێری پایتەختەوە ئاکامی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانی راگەیاند، هەر دوابەدوای ئەم ئەم کەرنەڤاڵە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی راگەیەندراوێکی لەبارەی ریفراندۆمی کوردستان بڵاوکردۆتەوە و تێیدا راشکاوانە دان بەوەدا نراوە کە خەڵکی کوردستان سوورە لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم و لەمەش زیاتر راگەیەندراوەکە لەسەر ئاکامی ریفراندۆمەکە هەڵوێستی خۆی پیشان داوە، بەوەی ئەم ریفراندۆمە کاریگەری لەسەر شەڕی دژی داعش و گەڕانەوەی ئاوارەکان دەبێت کە بە سێ ملیۆن ئاوارە مەزندە دەکرێت. دیارە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەو هەڵوێستەی کە لەسەر ئاکامی ریفراندۆمی کوردستان دەریبڕی، مانای وایە لێی روونە کە خەڵکی کوردستان بە (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی) دەنگ دەدەن، ئەگەرنا، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەبوو لە رۆژانی ٢٦ و ٢٧ ئەیلوول دوای ئەوەی ئاکامی ریفراندۆمەکە ئاشکرا دەکرێت، بە راگەیەندراوێك هەڵوێستی خۆی



**لەدوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی و دەستپێکردنی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران، خەباتی عەرەبی شیعە دژی رژێمی سەدام حوسێن فراوان بوو، بەڵام ئەم فراوانبوونە کاریگەریی ئەو حزبە سیاسییە شیعانە نەبوو کە دروست ببوون، بەڵکو بەهۆی ئەو شەڕەوە بوو کە ژمارەیەکی ئیجگار زۆری سەربازی شیعەی عێراق بەدیلی کەوتنە دەستی سوپای ئێران و پاشان کۆماری ئیسلامی ئازادی کردن و وەک ئۆپۆزسیۆن دژی رژێمی سەدام حوسێن رێکیخستن، بەڵام وێڕای ئەم هەموو پشتگیرییەش لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بۆ لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق، کەچی نەیانتوانی لە ناوچەکانی خۆیان کاریگەری دروست بکەن و بوونیان هەبێت، هەربۆیە زۆربەی زۆری سیاسەتمەدارانی عەرەبی شیعەی عێراق، تەنیا نموونەیەکی دەوڵەتداری، کە شارەزاییان لەسەری هەبێت و بیانەوێت لاسایی بکەنەوە، نموونەی دەوڵەتداریی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، دیارە ئەم نموونەیەش لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە دەوڵەت بخرێتە خزمەتی مەزهەبی شیعەوەو لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە دەوڵەتییەکان بونیاد بنرێتەوە، پاشانیش لە رێگەی دامەزراندنی سوپایەکەوە هاوشانی سوپای نیزامیی وڵات کە لە ئێران بە سوپای پاسداران ناو دەبرێت، دەست بگیرێت بەسەر پرۆسەی سیاسیی وڵات و تەواوی جومگە گرنگەکانی دەوڵەتدا.**

پیشان بدات، نەك چەند رۆژێك پێش ئەوەی خەڵکی کوردستان دەنگی خۆیان بدەن.

ئەم راگەیەندراوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دوابەدوای راگەیەندراوی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایە لەسەر هەمان پرسی ریفراندۆمی کوردستان، کە بە ئاشکرا لەسەر ئاکامی ریفراندۆمەکە قسە دەکات و راشکاوانە بە خەڵکی کوردستان دەڵێت، ئەوەی مەبەست بوو لە ئەنجامدانی ریفراندۆم بەدەستتان هێنا، ئیدی پێویست ناکات بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان.

تورکیا دوای ئەوەی بێ ئومێد بوو لەوەی کە ئەنجومەنی ئاسایش و دەوڵەتانی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ناتوانن دژی ئیرادەی خەڵکی کوردستان رابوەستن، هەر بۆیە رۆژی ٢٣ی ئەیلوول بینالی یەڵدرمی سەرۆك وەزیرانی تورکیا وەك ئەوەی رای فەرمیی حکومەتەکەی لەبارەی ئاکامی ریفراندۆمەکەوە دەرببڕێت، راشکاوانە رایگەیاند کە ئەنجامی ریفراندۆم دڵخۆشکەر نابێت، ئەمەش مانای ئەوەیە پێش وادەی دەنگدانی فەرمی خەڵکی کوردستان، تورکیاش لێی مەعلوومە کە خەڵکی

**ئێستا لەسەردەمی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ، هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەن ئاراستەی شەڕی دژی داعش بەو جۆرە بگۆڕن کە سەرەنجام ئێران و وەکیلەکانی نەبنە براوەی شەڕەکە، بەڵکو تێکشکاندنی داعش ببێتە سەرکەوتن بۆ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و هەر ئەوانیش لە دوای تێکشکاندنی داعش وەک براوەی شەڕەکە، قۆناخی پۆست داعش لەناوچەکە دووبارە دابڕێژنەوە**

**ئامانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو دروشمەی کە خۆی بەرزی کردۆتەوە بە ناوی (هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوە)، ئەوەیە لە هەر شوێنێک پێکهاتەی مەزهەبی شیعە هەبێت، دەوڵەتی مەدەنی بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی ئایینی، ئاکامی ئەم هەوڵانەی ئێران ئێستا بەرەیەکی ئایینی لە چوارچێوەی مەزهەبی شیعە لە سەنعاوە بۆ باشووری لوبنان دروست کردووەو لە رێگەی وەکیلەکانیەوە دەستێوەردان لە تەواوی وڵاتانی ناوچەکە دەکات**

کوردستان بە (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان) دەنگ دەدات و هیچ لایەنێکی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و عێراقی چاوەڕێی ئەوە ناکات کە سندوقەکانی دەنگدان بکرێنەوە و بزانن خەڵکی کوردستان، ئاخۆ سەربەخۆیی دەوێت، یان بڕیاردەدات لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە.

کۆماری ئیسلامی ئێران کە لەهەر لایەنێکی دیکە زیاتر دژی پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، باش لەوە تێگەیشتووە کە ئەم پرۆسەیە چۆتە سەر سکەی خۆی و بە هیچ هێزێك پاشەکشەی پێناکرێت، بۆیە گرەوی ئێران زیاتر لەسەر ئەوە بوو کە یەکڕیزی و یەکدەنگیی خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر پرسی ریفراندۆم دوو لەت بکات، بەڵام کە سلێمانی بە جۆش و خرۆشەوە بڕیاری دا (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی)، ئیدی ئێرانیش لەدوای کەرنەڤاڵی سەربەخۆیی سلێمانییەوە بە فەرمی لەسەر ئاکامی ریفراندۆمەکە هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێت، پاشانیش کە لە ٢٢ی ئەیلوول، هەولێر تاجی سەرکەوتنی کردە سەری ریفراندۆم، ئەوا ئیدی بە جارێك ئێران لەوە دڵنیا بوو، بۆیە هەموو هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە بۆ ئەوەی لە قاڵبی بیرکردنەوەیەکی کۆندا، خۆسەپێنێ بەسەر ئیرادەی کورددا فەرز بکات، بەڵام خۆی پێش هەمووان ئەو راستییە دەزانێت کە جارێکی دیکە خۆسەپێنی ئیقلیمی بەسەر ئیرادەی خەڵکی کوردستاندا فەرز ناکرێت.

عەرەبی شیعەی عێراق کە ئێستا جڵەوی حوکمڕانیی عێراقیان بەشێوەیەکی مەزهەبگەرایی بەدەستەوە گرتووە، ناتوانرێت وەك حکومەت و دامەزراوەی سیاسی و یاسایی هەڵوێستەکانیان بخوێندرێتەوە، یان شرۆڤەی لەسەر بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێستا لە عێراقی عەرەبیدا، حکومەت دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا ناشکێت، هەر بۆیە ناتوانرێت پشت بە هیچ هەڵوێستێکی ببەسترێت.

لەناو عەرەبی شیعەی عێراقدا کەمینەیەکی ئاقڵمەند هەن کە دەزانن جارێکی دیکە عێراق ناگەڕێتەوە بۆ پێش ساڵی ٢٠١٤، هەروەها ئەگەر ئاراستەی سیاسەتی حوکمڕانی لە عێراقدا راست نەکرێتەوە لە هەژموون و باڵادەستیی ئێران و فیکری کۆماری ئیسلامی بۆ حوکمڕانی رزگاریان نەبێت، ئەوا عێراقی عەرەبی جیا لەوەی دەبێتە دەوڵەتێکی گۆشەگیرکراوی هاوشێوەی ئێران لە هەمانکاتدا لە موحیتە عەرەبییەکەی دادەبڕێت و لەوانەیە هێندەی دیکە پارچە پارچە بێت و نەتوانرێت لە چوارچێوەی قەومی عەرەبیدا و بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی تائیفی پێکەوە کۆبکرێنەوە، بەمەش رێگە بۆ ئەوە خۆش دەبێت کە عەرەبی سوننەش بیر لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بکاتەوە.

دیارە جۆش و خرۆشی خەڵکی کوردستان لە پرۆسەی ریفراندۆمدا، ئەگەر لەسەرەتادا جۆرێك لە نیگەرانی لای وڵاتە گەورەو زلهێزەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دروست کردبێت، بەوەی ئەم هەنگاوەی کوردستان کاریگەری لەسەر شەڕی دژی داعش، یان تێکدانی سەقامگیری و گەڕانەوەی ئاوارەکان دەبێت، بەڵام خواستی خەڵکی کوردستان لە میانەی پرۆسەی ریفراندۆم کۆمەڵێك راستیی پێشکەشی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە خزمەت بە ئاسایش و سەقامگیریی عێراق و تەواوی ناوچەکە و قۆناخی پۆست داعش دەکات، ئەو راستییانەش ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان لە رۆژانی پێش ٢٥ی ئەیلوول چ داخوازی و خواستێکی هەبووە، ئێستا دوای ٢٥ی ئەیلوولیش هەمان خواست و داخوازی هەیە کە بریتییە لەوەی عێراقی دوای داعش بە جۆرێك رێکبخرێتەوە کە وەڵامدەرەوەی خواستی پێکهاتەکانی بێت (بە کوردو شیعە و سوننەوە)، رێگەی راست بۆ سەقامگیری و ئاشتی تەنیا ئەو رێگەیەیە کە رێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان و تەواوی پێکهاتەکانی عێراق بگیرێت، لەبەر ئەوەی ماوەی ١٠٠ ساڵە عێراق بە زەبری هێز بە یەکگرتوویی هێشتراوەتەوە، ئەگەر تەنیا رێگەیەکیش بۆ مانەوەی دەوڵەتێك ئەوە بێت بە زەبری هێز بە یەکەوە بهێڵدرێتەوە، ئەوا ئەو دەوڵەتە شایەنی ئەوە نییە کە بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە.

**● ئەجێندای وتووێژی کوردستان و عێراق تەنیا پرسی سەربەخۆییە**

لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە، عەرەبی شیعە بڕوای بە دەوڵەتداریی مەدەنی

نەبووەو لە چاوەڕوانی هاتنی (ئیمام مەهدی)دا، دەسەڵاتی دەوڵەتداری بۆ کەمینەی عەرەبی سوننە رەتکردۆتەوە، بەڵام لە حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە و لەژێر کاریگەریی فیکری (ویلایەتی فەقیە) کە ئایەتوڵا خومەینی رێبەرایەتی دەکرد، هەندێك حزبی سیاسی و شیعەی عەرەب دامەزراون کە هەوڵیان بۆ ئەوە بووە لە دژی رژێمی سەدام حوسێن خەبات بکەن، بەڵام لەناوچەکانی خۆیان کاریگەرییان نەبووە، هەر بۆیە کاتێك ناچار بوون رووبکەنە خەباتی چەکداری، لە بری ئەوەی لە ناوچەکانی خۆیانەوە شۆڕش بەرپا بکەن، روویان کردۆتە کوردستان و لە ناوچەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا خەباتی چەکدارییان کردووە.

لەدوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی و دەستپێکردنی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران، خەباتی عەرەبی شیعە دژی رژێمی سەدام حوسێن فراوان بوو، بەڵام ئەم فراوانبوونە کاریگەریی ئەو حزبە سیاسییە شیعانە نەبوو کە دروست ببوون، بەڵکو بەهۆی ئەو شەڕەوە بوو کە ژمارەیەکی ئیجگار زۆری سەربازی شیعەی عێراق بەدیلی کەوتنە دەستی سوپای ئێران و پاشان کۆماری ئیسلامی ئازادی کردن و وەك ئۆپۆزسیۆن دژی رژێمی سەدام حوسێن رێکیخستن، بەڵام وێڕای ئەم هەموو پشتگیرییەش لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بۆ لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق، کەچی نەیانتوانی لە ناوچەکانی خۆیان کاریگەری دروست بکەن و بوونیان هەبێت، هەربۆیە زۆربەی زۆری سیاسەتمەدارانی عەرەبی شیعەی عێراق، تەنیا نموونەیەکی دەوڵەتداری، کە شارەزاییان لەسەری هەبێت و بیانەوێت لاسایی بکەنەوە، نموونەی دەوڵەتداریی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، دیارە ئەم نموونەیەش لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە دەوڵەت بخرێتە خزمەتی مەزهەبی شیعەوەو لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە دەوڵەتییەکان بونیاد بنرێتەوە، پاشانیش لە رێگەی دامەزراندنی سوپایەکەوە هاوشانی سوپای نیزامیی وڵات کە لە ئێران بە سوپای پاسداران ناو دەبرێت، دەست بگیرێت بەسەر پرۆسەی سیاسیی وڵات و تەواوی جومگە گرنگەکانی دەوڵەتدا.

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لە ساڵی ٢٠٠٣ ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق و رووخانی رژێمی سەدام حوسێن-ی کردە ستراتیژیەتی ئیدارەکەی، لەسەر بنەمای ئەوەی ئەو زەمینەیەی لە ساڵی ١٩٧٩ بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بوونی هەبوو، ئێستا هەمان زەمینە بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی شیعە لە عێراقدا بوونی نییە، پشتی بەست بە چەند سیاسەتمەدارێکی شیعەی عەلمانی، یان ئەوانەی بڕوایان بە دەوڵەتی مەدەنی هەیە، نەک دەوڵەتی ئیسلامی، بەڵام هەر لەدوای تەوابوونی ماوەی دەسەڵاتی پۆل بریمەر-ی حاکمی مەدەنیی عێراق و دامەزراندنی حکومەتی کاتیی عێراق لە چوارچێوەی یاسای کاتی بۆ دەوڵەتی عێراق، د. ئەیاد عەلاوی کرایە سەرۆک وەزیران بەو حیسابەی لەماوەی ساڵێکدا زەمینەیەک بڕەخسێت بۆ ئەوەی لە یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد لە عێراقدا، بەرەو دەوڵەتێکی مەدەنی هەنگاو هەڵبگیرێت، بەڵام ئاکامی یەکەمین هەڵبژاردن دەریخست کە عەرەبی شیعەی عێراق دەنگیان بەو لایەنە سیاسییانە داوە کە حزبی ئیسلامیی شیعەن و ئامانجیشیان دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.**

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لە ساڵی ٢٠٠٣ ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق و رووخانی رژێمی سەدام حوسێن-ی کردە ستراتیژیەتی ئیدارەکەی، لەسەر بنەمای ئەوەی ئەو زەمینەیەی لە ساڵی ١٩٧٩ بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بوونی هەبوو، ئێستا هەمان زەمینە بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی شیعە لە عێراقدا بوونی نییە، پشتی بەست بە چەند سیاسەتمەدارێکی شیعەی عەلمانی، یان ئەوانەی بڕوایان بە دەوڵەتی مەدەنی هەیە، نەك دەوڵەتی ئیسلامی، بەڵام هەر لەدوای تەوابوونی ماوەی دەسەڵاتی پۆل بریمەر-ی حاکمی مەدەنیی عێراق و دامەزراندنی حکومەتی کاتیی عێراق لە چوارچێوەی یاسای کاتی بۆ دەوڵەتی عێراق، د. ئەیاد عەلاوی کرایە سەرۆك وەزیران بەو حیسابەی لەماوەی ساڵێکدا زەمینەیەك بڕەخسێت بۆ ئەوەی لە یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد لە عێراقدا، بەرەو دەوڵەتێکی مەدەنی هەنگاو هەڵبگیرێت، بەڵام ئاکامی یەکەمین هەڵبژاردن دەریخست کە عەرەبی شیعەی عێراق دەنگیان بەو لایەنە سیاسییانە داوە کە حزبی ئیسلامیی شیعەن و ئامانجیشیان دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٥ — ٢٠١١ کە ئەمریکا زیاتر لە ١٣٠ هەزار سەربازی لەسەر خاکی عێراق هەبوو، هەر چۆنێك بوو توانی رێگە لە وەرچەرخانی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق بۆ کۆماری ئیسلامی هاوشێوەی ئێران لە عێراقدا بگرێت، بەڵام کە ئەمریکا لە کۆتایی ٢٠١١ هێزەکانی لە عێراق کێشایەوە و جڵەو بۆ نوری مالیکی شل کرا بۆ ئەوەی نموونەیەکی حوکمڕانی لە دەوڵەتێکی مەدەنیمان پیشان بدات، ئەوا هەر لە مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٢، نوری مالیکی هەموو بنەماکانی دەوڵەتێکی مەدەنی لە عێراقدا گۆڕی بۆ دەوڵەتێك بە هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی ئێران و لەمەش زیاتر بە هاوشێوەی بنەماکانی کۆماری ئیسلامی، تەواوی دەوڵەتی عێراقی خستە خزمەتی مەزهەبی شیعە و باڵادەستیی شیعە لە عێراقدا.

ئەم ئاراستەیەی شێوازی حوکمڕانی نوری مالیکی لە ماوەی ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٤ کە ئامانج لێی ئەوە بوو یەکەمجار چاوی کوردستان بشکێنێت بە بڕینی بودجە و مووچە، دیارە ئامانجی دووەمی ئەوە بوو کە هەموو سەرکردەکانی عەرەبی سوننەی عێراق لەژێر پەردەی تیرۆردا تەسفیە و پاشانیش جەماوەرەکەی دەستەمۆ بکات، بەڵام ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە رێکخراوی تیرۆریستی داعش سەریهەڵدا، دوای ئەوەش موسڵ داگیرکرا و خەلافەتی ئیسلامی داعش راگەیەندرا کە تائێستاش عێراق بەدەستیەوە دەناڵێنێت.

ئیدارەی ئۆباما لە دوای کەوتنی موسڵ، بەتەواوەتی گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە سەرهەڵدانی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش و کەوتنی موسڵ و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامیی داعش، هەموویان دەرهاویشتەی سیاسەتی هەڵەی حوکمڕانیی نوری مالیکی بووە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئیدارەی ئەمریکا لە ٢٠١٤ گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە شەڕی داعش لە عێراقدا، شەڕی ناوخۆیی نێوان سوننە و شیعەیەو پێویست نییە ئەمریکا خۆی بکاتە بەشێك لە کێشەیەك کە پەیوەندیی پێیەوە نییە، بەڵام کاتێك داعش ئاراستەی هێرشەکەی خۆی گۆڕی بۆ سەر کوردستان و کوردستانیش لە بارودۆخێکی خراپدا بوو، لەبەر ئەوەی حکومەتی مالیکی ریگەی نەدابوو کە هێزی پێشمەرگە بە هاوشێوەی سوپای عێراق چەکدار بکرێت، لە هەمانکاتدا ماوەی نزیکەی ٨ مانگیش بوو بودجە و مووچەی کوردستانی بڕیبوو، بۆیە ئەمریکا رایگەیاند کوردستان هێڵی سوورە و نابێت رێگە بدرێت، تیرۆریستانی داعش پێشڕەوی بکەن.

دیارە لەماوەی ئەو ١٠٠ رۆژەی کە پرۆسەی هەڵمەتی ریفراندۆم لە کوردستان بەڕێوەچوو، پەرلەمانتار و سیاسەتمەداری شیعەی عێراق باش لەوە حاڵیبوون کە جارێکی دیکە دەبێت خەونی دامەزراندنەوەی کۆماری ئیسلامیی عێراق لە گۆڕ بنێن، بۆیە زۆر جار کە قسە دەکەن، ئەوەمان پێ دەڵێن، ئەگەر کوردستان بەشێك نەبوایە لە عێراق، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاریی سەربازی پێشکەشی پێشمەرگە نەدەکرد، لە وەڵامی ئەم

■

**دەبێت ئەمریکا هێزێکی دیاریکراوی لە عێراقدا هەبێت بۆ ئەوەی رۆڵی ئاشتیپارێز لە نێوان هێزی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی ببینین، هەتا پرۆسەی سیاسی لە عێراقی عەرەبی رێکدەخرێتەوە و پاشان پەیوەندی داهاتووی نێوان کوردستان و عێراق دیاری دەکرێت**

■

**ئەگەر عێراق تەسلیمی عەرەبی شیعەی عێراق بکرێت، ئەوا کۆمارێکی ئیسلامی بەرهەم دەهێنێت و دەرهاویشتەی ئەم کۆمارە ئیسلامییەش دەبێتە هۆی پشتگیریکردنی عەرەبی سوننە لە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراقدا**

■

**ئیدارەی ئۆباما لە دوای کەوتنی موسڵ، بەتەواوەتی گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە سەرهەڵدانی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش و کەوتنی موسڵ و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامیی داعش، هەموویان دەرهاویشتەی سیاسەتی هەڵەی حوکمڕانیی نوری مالیکی بووە**

قسە ئاست نزمانە، تەنیا ئەو دیکۆمێنتانە دەخەینەوە بەرچاویان، ئەگەر هەڵەی داعش نەبوایە کە هێرشی کردە سەر کوردستان، ئەوا لە چاوی جیهاندا خەلافەتە ئیسلامییەکەی ئەبوبەکر بەغدادی و کۆمارە ئیسلامییەکەی نوری مالیکی هیچ جیاوازییەکیان نەبووە، لەمەش زیاتر مەرجەعییەتی شیعەی عێراقیش کە ماوەی سێ ساڵە لەسەر بڕینی بودجەی مووچەی کوردستان بێدەنگە، باش دەزانێت لە سەرەتای داگیرکردنی موسڵ و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامیی داعش، چۆن کۆمارە ئیسلامییەکەی مالیکی هەموو شیعە و تەنانەت بەغداشی خستە مەترسییەوە و بەناچاری مەرجەعییەت فەتوای (نەفیر عام)ی بۆ شیعە دەرکرد لەچوارچێوەی حەشدی شەعبی-دا، بۆیە عەرەبی شیعەی عێراق ئەگەر لەبەر هیچ شتێکی دی سوپاسگوزاری کوردستان نەبوایە، دەبوو لەبەر ئەوەی کوردستان بووە دەروازیەك بۆ ئەوەی عێراق ببێتە ئەندامی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، سوپاسگوزاری کوردستان بوایە.

ئەم باکگراوەندە بۆ ئەوە بوو کە دوو خاڵی گرنگ بخەینە روو:

١. دوای کەوتنی موسڵ و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی داعش، ئەمریکا بەتەواوەتی گەیشتە قەناعەت کە ئەمە شەڕی سوننە و شیعەیە، نەك دەوڵەتێکی دیموکراتی و گروپێکی تیرۆریستی، بۆیە هیچ جیاوازیەکی لەنێوان خەلافەتە ئیسلامییەکەی ئەبوبەکر بەغدادی و کۆمارە ئیسلامییەکەی نوری مالیکی نەکردو تەینا تەماشای کوشتوبڕی نێوانیانی دەرکرد.

٢. دوای ئەوەی داعش هێرشی کردە سەر کوردستان و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش دروست بوو، ئیدارەی سەرۆك ئۆباما مەرجی یەکەمی ئەوە بوو، کە نوری مالیکی لە پۆستی سەرۆك وەزیران دوور بخرێتەوە و لایەنی کوردستانی بکاتەوە شەریکی راستەقینە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، بەڵام ژینگەی سیاسیی عەرەبی شیعە بە هۆی باڵادەستی و نفووزی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، لەوە دەرچووبوو کە هێزێکی دەرەکی بتوانێت لە دوورە و بەبێ بوونی نفووزێکی گەورەی




**وەک شارەزایان و کوردستانناسەکانی رۆژئاوا جەختی لەسەر دەکەنەوە، کوردستان تەنیا هاوپەیمانی پشت پێ بەستراو و باوەڕپێکراوی رۆژئاواو جیهانی ئازادە، ئەگەر پشتگیری ئەم هاوپەیمانە نەکرێت، خۆری ئەمریکا و رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاوا دەبێت و ئەگەر لە رووی سەربازییەوە لەشەڕی دژی تیرۆریستانی داعشیش سەرکەوتوو بین، ئەوا ئەم ناوچەیە دەبێتە ژینگەیەکی لەبارتر بۆ گەشەکردنی فیکری رادیکاڵی ئیسلامی لە ناو هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە، چەندین رێکخراوی تیرۆریستی هاوشێوەی داعش لەژێر ناوی جۆراوجۆری دیکەدا دروست دەبنەوە، بۆ ئەوەی ئەم مەترسییە لە سەرجەم مرۆڤایەتی و جیهانی ئازاد دووربخرێتەوە، بێجگە لە پشتگیرییەکی راشکاوانەو راستگۆیانە بۆ دەوڵەتی کوردستان ریگەیەکی دیکە بوونی نییە.**

**عەرەبی شیعەی عێراق کە ئێستا جڵەوی حوکمڕانیی عێراقیان بەشێوەیەکی مەزهەبگەرایی بەدەستەوە گرتووە، ناتوانرێت وەک حکومەت و دامەزراوەی سیاسی و یاسایی هەڵوێستەکانیان بخوێندرێتەوە، یان شرۆڤەی لەسەر بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێستا لە عێراقی عەرەبیدا، حکومەت دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا ناشکێت، هەر بۆیە ناتوانرێت پشت بە هیچ هەڵوێستێکی ببەسترێت**

**کۆماری ئیسلامی ئێران کە لەهەر لایەنێکی دیکە زیاتر دژی پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، باش لەوە تێگەیشتووە کە ئەم پرۆسەیە چۆتە سەر سکەی خۆی و بە هیچ هێزێک پاشەکشەی پێناکرێت، بۆیە گرەوی ئێران زیاتر لەسەر ئەوە بوو کە یەکڕیزی و یەکدەنگیی خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر پرسی ریفراندۆم دوو لەت بکات**

سەربازی لەسەر زەوی، جارێکی دیکە پرۆسەی سیاسی رێکبخاتەوە، ئەمەش وایکرد حکومەتی عەبادی وەک حکومەتێکی لاواز ببێتە نوێنەری عێراق لەسەر ئاستی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، لەسەر ئەرزی واقیعیش حەشدی شەعبی دەسەڵاتداری سەرەکی بێت.

ئەگەر سەرنج لەم دووخاڵە بدەین، ئەوا دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ئیدارەی ئۆباما زۆر بە باشی نەخۆشییەکانی پرۆسەی سیاسیی عێراقی دیاریکردووە کە بریتین لە:

● ئەگەر عێراق تەسلیمی عەرەبی شیعەی عێراق بکرێت، ئەوا کۆمارێکی ئیسلامی بەرهەم دەهێنێت و دەرهاویشتەی ئەم کۆمارە ئیسلامییەش دەبێتە هۆی پشتگیریکردنی عەرەبی سوننە لە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراقدا.

● ئەگەر هەوڵێك هەبێت بۆ ئەوەی بە هەر نرخێك بێت کە پرۆسەی سیاسیی عێراق رێکبخاتەوە، ئەوا ئەم هەوڵە پێویستی بەوەیە هێزێکی ئەمریکا کە ژمارەکەی لە ١٥٠ هەزار کەمتر نەبێت لە بەشە عەرەبییەکەی عێراق بوونی هەبێت و عێراق لە رووی سەربازییەوە ئەمریکا بەڕێوەی بەرێت، ئەمەش بۆ ستراتیژیەتی ئەوکاتی ئۆباما و ئێستای سەرۆك ترەمپ کارێکی مەحاڵە و ناتوانرێت ئەو هێزە لە عێراقدا بوونی هەبێت. بەڵام لەبەرامبەردا ئێران لەو ژمارەیە زیاتر هێزی بەشێوەی هێزی وەکیل لە عێراقدا هەیە کە ئەویش هێزەکانی حەشدی شەعبی-یە.

● هەموو ئەوانەی لەسەر دۆسێی دووبارە رێکخستنەوەی عێراقی دوای داعش کاردەکەن و راپۆرتیان بۆ ئیدارەی ترەمپ ئامادە کردووە، زۆر باش لە کێشەکانی عێراقی عەرەبی لە ژێر حوکمڕانیی شیعە تێگەیشتوون و دەزانن، خاڵی لاوازی ئەمریکا لە عێراقدا ئەوەیە کە لە عێراقی عەرەبیدا، هێزی زەمینی ئەمریکا بوونی نییە، هەروەها هیچ هێزێکی زەمینیش لەناو عەرەبی شیعەی عێراقدا هاوپەیمانێکی پشت پێ بەستراوی ئەمریکا نین، بۆیە پێشنیاری هەموویان ئەوەیە کە دەبێت ئەمریکا هێزێکی دیاریکراوی لە عێراقدا هەبێت بۆ ئەوەی رۆڵی ئاشتیپارێز لە نێوان هێزی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی ببینێت، هەتا پرۆسەی سیاسی لە عێراقی عەرەبی رێکدەخرێتەوە و پاشان پەیوەندی داهاتووی نێوان کوردستان و عێراق دیاری دەکرێت.

ئەگەر بە وردی سەرنج لەسەر ئەم خاڵانە بدەین کە بوونە هۆکارێکی بەڵگەنەویستی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە سەربەخۆیی کوردستان نەك هەر تەنیا لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دژبەر نییە، بەڵکو لەگەڵ ستراتیژیەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعشیش کێشە دروست ناکات، لە کاتێکدا ئەوان پێش ٢٥ی ئەیلوول داوایان لێدەکردین راستەوخۆ دەست بە وتووێژ لەگەڵ بەغدا بکەین بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی داهاتووی عێراق و کوردستان بە دیالۆگ دیاری بکرێت، کوردستان وەك رێزگرتنێك لەم داوا نێودەوڵەتییە لە پێش ٢٥ی ئەیلوول شاندی خۆی ناردە بەغدا و ئێستاش کە دوای ٢٥ی ئەیلوولە هەر لەسەر ئەو ئاراستەیە بەردەوام دەبێت، بەڵام یەك نەگۆڕ لە سیاسەتی کوردستاندا هەیە، ئەویش ئەوەیە تەنیا دۆسێی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ عێراقدا بریتییە لە دانوستاندن لەگەڵ عێراق وەك دوو دراوسێی باش لەگەڵ یەکتریدا، بێجگە لەم دۆسێیە لەهەر چوارچێوەیەکدا دیالۆگ و دانوستاندن بکرێت، هیچ ئاکامێکی نابێت و ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش خۆیان پێش هەر لایەکی دیکە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر بیانەوێت ئەزموونی کۆماری ئیسلامی لە عێراقدا دووبارە نەبێتەوە، دەبێت کوردستان سەربەخۆ بێت، بۆ ئەوەی عەرەبی شیعەی عێراق لەژێر پەردەی قەومی عەرەبیدا ئەم سیاسەتە بەسەر هەموو لایەکدا نەسەپێنن.

## ● دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان

## کۆدی سەرکەوتنی شەڕی دژی داعش پێشکەشی هاوپەیمانان دەکات

ئەگەر بشێت بەو پەندە دەست پێبکەین کە دەڵێت: (بە هەزار حەکیم هێندەی دەردەدارێك نازانن)، ئەوا دەکرێت بڵێین: هیچ دەوڵەتێك لەم جیهانەدا هێندەی ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودی لە هۆکارە ریشەییەکانی ئاژاوەو پاشاگەردانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

تێنەگەیشتوون کە ناویان لێناوە مەدی شیعەگەرایی ئێران لە ژێر ناونیشانی هیلالی شیعە، یاخود بازنەی شیعیدا. هەر ئەم مەترسییەی کە ئێران لە پشتیەوەیەتی بۆسەر سعودیە وەك نوێنەری دەوڵەتانی عەرەبی سوننە و ئیسرائیل وەك دوژمنی تەقلیدیی ئێران، بۆتە هۆکاری ئەوەی لە بری ئەوەی ئێران و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی لە دەوری یەکتری کۆبکاتەوە لە دژی ئیسرائیل بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین، کەچی ئێستا دەوڵەتانی عەرەبی بە سەرۆکایەتی سعودیە بوونەتە باشترین هاوپەیمانی ئیسرائیل لە دژی ئێران و. تەنانەت لە ساڵی ٢٠١٥ وەو لەوکاتەی کە بنیامین ناتانیاهۆ-ی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل رایگەیاند: «رێگە بە دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین نادەین، لانیکەم هەتا من لە ژیاندا مابم»، یەك دوو رۆژ لەوەدوا شا سەلمانی پادشای سعودیە هاوپەیمانیی عەرەبی و ئیسلامی بەناوی گەردەلوولی (حەزم) لە دژی حوسییەکانی یەمەن راگەیاند، زۆر لە چاودێران مەزندەی ئەوەیان دەکرد دوای ئەو قسەیەی ناتانیاهۆ، ئەگەر دەوڵەتانی عەرەبی ئیسلامی هاوپەیمانییەکی سەربازی پێکبهێنن، ئەوا لە دژی ئیسرائیل پێکی دەهێنن، نەك دژی لایەنێکی دیکە، بەڵام دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی دژی دەستێوەردانی ئێران لە یەمەن پێکیانهێنا.

ئامانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو دروشمەی کە خۆی بەرزی کردۆتەوە بە ناوی (هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوە)، ئەوەیە لە هەر شوێنێك پێکهاتەی مەزهەبی شیعە هەبێت، دەوڵەتی مەدەنی بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی ئایینی، ئاکامی ئەم هەوڵانەی ئێران ئێستا بەرەیەکی ئایینی لە چوارچێوەی مەزهەبی شیعە لە سەنعاوە بۆ باشووری لوبنان دروست کردووەو لە رێگەی وەکیلەکانیەوە دەستتێوەردان لە تەواوی وڵاتانی ناوچەکە دەکات.

لەم بازنەیەدا کە ئێران رۆڵێکی کاریگەر لەسەر زەوی لەشەڕی دژی داعش لە سووریا و بەشە عەرەبییەکەی عێراق دەگێڕێت، شەڕی داعش بۆتە شەڕی ئایینیی نێوان شیعە و سوننە، لەمەش زیاتر ئەگەر ئەم شەڕە بەو




**ئەگەر هێزی هاوپەیمانان پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگە و کوردستان دەکەن، لە بەر ئەوەیە لەم جوگرافیایەدا دەولەتێکی ئەمری واقیع دەبینن کە بەرەو دەلەوتێکی مەدەنی و خاوەن سەروەریی لەسەر بنەمای مافی هاووڵاتیبوون هەنگاو هەڵدەگرێت، بەپێچەوانەی ئەوەی کە جگە لە کوردستان لەهەموو ئەو جوگرافیایەی شەڕی دژی داعشی تێدا دەکرێت و هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا هاوکارییان دەکەن، ئەوا ئاکامی شەڕەکە بۆ هاوپەیمانان بەو جۆرەیە کە یان دەبێتە دەستکەوت بۆ ئێران، یان دەبێتە دەستکەوت بۆ ئەو هێزانەی ئێستا خۆیان بە پاشکۆی تیرۆریستان و ئەلقاعیدە دەزانن.**



**دیارە لەماوەی ئەو ١٠٠ ڕۆژەی کە پرۆسەی هەڵمەتی ریفراندۆم لە کوردستان بەڕێوەچوو، پەرلەمانتار و سیاسەتمەداری شیعەی عێراق باش لەوە حاڵیبوون کە جارێکی دیکە دەبێت خەونی دامەزراندنەوەی کۆماری ئیسلامیی عێراق لە گۆڕ بنێن، بۆیە زۆر جار کە قسە دەکەن، ئەوەمان پێ دەڵێن، ئەگەر کوردستان بەشێک نەبوایە لە عێراق، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاریی سەربازی پێشکەشی پێشمەرگە نەدەکرد، لەوەڵامی ئەم قسە ئاست نزمانە، تەنیا ئەو دیکۆمێنتانە دەخەینەوە بەرچاویان، ئەگەر هەڵەی داعش نەبوایە**

لایەدا کۆتایی بێت کە لایەنی شیعە بە پشتگیری ئێران بوونیان هەیە، ئەمە مانای ئەوەیە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی وەك ئەوە وایە هیچی نەکردبێت و ئاکامی ئەم شەڕەی پێشکەشی ئێران و وەکیلەکانی لەناوچەکەدا کردبێت.

هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی ئێرانی وەك ئەندامی ئەو هاوپەیمانییە وەرنەگرتووە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ئێران هەموو هەوڵی لەماوەی سێ ساڵی رابردوو بۆ ئەوە بووە کە ببێتە ئەندامی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بۆ ئەوەی شەرعییەتێك بۆ خۆی وەك لایەنی براوەی شەڕەکە مسۆگەر بکات و پارێزگاری بەو دەوڵەتە ئایینانەوە بکات کە دروستی دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی نەیتوانیوە لە سووریا و بەشە عەرەبییەکەی عێراق بەدیلی هێزی زەمینی بۆ ئێران دروست بکات، ئەوا ئیدارەی سەرۆك ئۆباما بەناچاری لەو دوو ناوچەیە پشتی بە هێزە زەمینییەکانی ئێران بەستبوو، هێزە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانانیش وەك چەترێکی ئاسمانی لەم شەڕەدا بەرگری



**که هێرشی کرده سەر کوردستان، ئەوا لە چاوی جیهاندا خەلافەتە ئیسلامییەکەی ئەبوبەکر بەغدادی و کۆمارە ئیسلامییەکەی نوری مالیکی هیچ جیاوازییەکیان نەبووە، لەمەش زیاتر مەرجەعییەتی شیعەی عێراقیش کە ماوەی سێ ساڵە لەسەر بڕینی بودجەی مووچەی کوردستان بێدەنگە، باش دەزانێت لە سەرەتای داگیرکردنی موسڵ و ڕاگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامیی داعش، چۆن کۆمارە ئیسلامییەکەی مالیکی هەموو شیعە و تەنانەت بەغداشی خستە مەترسییەوە و بەناچاری مەرجەعییەت فەتوای (نەفیر عام)ی بۆ شیعە دەرکرد لەچوارچێوەی حەشدی شەعبی-دا، بۆیە عەرەبی شیعەی عێراق ئەگەر لەبەر هیچ شتێکی دی سوپاسگوزاری کوردستان نەبوایە، دەبوو لەبەر ئەوەی کوردستان بووە دەروازەیەک بۆ ئەوەی عێراق ببێتە ئەندامی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، سوپاسگوزاری کوردستان بوایە**

لێکردوون، بۆیە ئێستا لەسەردەمی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ، هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەن ئاراستەی شەڕی دژی داعش بەو جۆرە بگۆڕن کە سەرەنجام ئێران و وەکیلەکانی نەبنە براوەی شەڕەکە، بەڵکو تێکشکاندنی داعش ببێتە سەرکەوتن بۆ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و هەر ئەوانیش لە دوای تێکشکاندنی داعش وەك براوەی شەڕەکە، قۆناخی پۆست داعش لەناوچەکە دووبارە دابڕێژنەوە.

لەناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەی شەڕی دژی داعشدا، تەنیا شوێنێك کە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی خاوەنی هاوپەیمانێکی پشت پێ بەستراوی ئەوتۆ بێت کە هێزێکی کاریگەری لەسەر زەوی هەبێت، تەنیا هەرێمی کوردستانە، هەر ئەم هێزەشە کە دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت و ڕێگە نادات ئاراستەی شەڕی دژی داعش لە شەڕی نێوان جیهانی ئازاد و تیرۆریستاندا، بگۆڕێت بۆ شەڕێکی دیکەی ئایینی یاخود شەڕی نێوان شیعە و سوننە.

کێشەی سەرەکیی ئەمریکا لە شەڕی دژی داعش ئەوەیە کە بێجگە لە هێزی پێشمەرگەی



کوردستان، هیچ هێزێکی پشت پێ بەستراوی لەسەر زەوی نییە، تەنانەت ئەو هێزانەشی وەك حەشدی شەعبی و سوپای عێراق لەبەرەی شەڕی دژی داعش لە عێراق و ئەو هێزانەشی لە سووریا لە ژێر ناوی هێزی سووریای ئازاد پشتگیرییان دەکات، وەك چاودێران و توێژەران جەختی لەسەر دەکەنەوە، سەرەنجام هەر هەموویان خۆیان لەبەرەی ئێراندا دەبیننەوە بە هێزەکانی (یەپەگە)شەوە کە ئێستا وەك بڕبڕەی پشتی هێزی سووریای ئازاد لەقەڵەم دەدرێن، ئەو بەشەشی کە لە هێزی سووریای ئازاد دەمێنێتەوە کە بریتین لە هۆزە عەرەبەکانی سووریا و بەنیازن دوای ئەوەی ڕەققە ئازاد دەکرێتەوە، ڕادەستی ئەوانی بکاتەوە، ئەوانەش ڕاستە زیاتر بەرەی فەتحی شامی ئێستا و نوسرەی پێشان نزیکترن، بەڵام ئەوانیش خۆیان بە شوێنکەوتووی ئەلقاعیدە دەزانن و لە باشترین حاڵەتدا دەکەونە چوارچێوەی ئەو هێزانەی لەلایەن تورکیاوە پشتگیرییان لێدەکرێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر هێزی هاوپەیمانان پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگە و کوردستان دەکەن، لە بەر ئەوەیە لەم جوگرافیایەدا دەوڵەتێکی ئەمری واقیع دەبینن کە بەرەو دەڵەوتێکی مەدەنی و خاوەن سەروەریی لەسەر بنەمای مافی هاووڵاتیبوون هەنگاو هەڵدەگرێت، بەپێچەوانەی ئەوەی کە جگە لە کوردستان لەهەموو ئەو جوگرافیایەی شەڕی دژی داعشی تێدا دەکرێت و هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا هاوکارییان دەکەن، ئەوا ئاکامی شەڕەکە بۆ هاوپەیمانان بەو جۆرەیە کە یان دەبێتە دەستکەوت بۆ ئێران، یان دەبێتە دەستکەوت بۆ ئەو هێزانەی ئێستا خۆیان بە پاشکۆی تیرۆریستان و ئەلقاعیدە دەزانن.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری بایەخ و گرنگیی پرۆسەی ریفراندۆمی کوردستان بکەین، لەکۆی ئەو پرۆسەیە خواستێك بەدی دەکرێت کە نایەوێت ببێتە بەشێك لەو ستراتیژەی کە بە دژی ستراتیژیەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بشکێتەوە، بەڵام بەداخەوە وەك لەچەند ڕۆژی ڕابردوو بینیمان لەبەرامبەر ئەم خواستە پاکەی نەتەوەیەك کە بە فیعلی دەیەوێت تیرۆریستان تیکبشکێت و پاشان دەوڵەتێك دابمەزرێت کە ببێتە ژینگەیەکی تەندروست بۆ پێکەوەژیان و لێبوردەیی لە نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان دروست بکات، هەڵوێستێکی زۆر هەڵەیان وەرگرت و هەموو هەوڵیان بۆ ئەوە بوو کە ئاستەنگ بۆ پرۆسەی ریفراندۆمی کوردستان دروست بکەن، ئەمانە هەمووی لە کاتێکدا بوون کە گەلی کوردستان پێش ٢٥ی ئەیلوول

**ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەو هەڵوێستەی کە لەسەر ئاکامی ریفراندۆمی کوردستان دەریبڕی، مانای وایە لێی روونە کە خەڵکی کوردستان بە (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی) دەنگ دەدەن، ئەگەرنا، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەبوو لە رۆژانی ٢٦ و ٢٧ ئەیلوول دوای ئەوەی ئاکامی ریفراندۆمەکە ئاشکرا دەکرێت، بە راگەیەندراوێک هەڵوێستی خۆی پیشان بدات، نەک چەند رۆژێک پێش ئەوەی خەڵکی کوردستان دەنگی خۆیان بدەن**

و لەمیانەی جۆش و خرۆشی هەڵمەتەکەدا ئاکامی ریفراندۆمەکەی راگەیاندبوو.

لەئێستاوە کە دوای ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ یەو لەگەڵ ئەو هەڵوێستە نادروستانەش کە بەرامبەر پرۆسەی ریفراندۆمی کوردستان گیرانەبەر، بەڵام هەڵوێستی کوردستان و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی لە بەرامبەر شەڕی دژی داعش هەر هەمان هەڵوێستی پێش ٢٥ی ئەیلوولە، بۆیە هاوکات کە پرۆسەی دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراق لەسەر ئاکامی ریفراندۆم دەستی پێکردووە، هەقە وتوویژێکی راستگۆیانەو راشکاوانەش لەگەڵ هەموو دۆستەکانمان لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دەست پێ بکەین و زەمینیەك بۆ ئەوە خۆش بکەین کە لە کۆی سەرکەوتنی شەڕی دژی داعشدا، کۆی رەهەندەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و ئەو پرسیارەیان لێ بکەین، ئەگەر رێگری لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بکەن، ئایا ئاکامی ئەم شەڕە بە کوێ دەگات؟ گریمان هاوپەیمانی نێودەوڵەتی توانی لە رووی سەربازییەوە تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنێت، بەڵام ئایا بەبێ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان چ لایەنێك دەبێتە براوەی شەڕەکە و کێ دەستکەوتەکانی دەچنێتەوە؟ بۆیە لەم چوارچێوەیەدا و وەك شارەزایان و کوردستانناسەکانی رۆژئاوا جەختی لەسەر دەکەنەوە، کوردستان تەنیا هاوپەیمانی پشت پێ بەستراو و باوەڕپێکراوی رۆژئاواو جیهانی ئازادە، ئەگەر پشتگیری ئەم هاوپەیمانە نەکرێت، خۆری ئەمریکا و رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاوا دەبێت و ئەگەر لە رووی سەربازییەوە لەشەڕی دژی تیرۆریستانی داعشیش سەرکەوتوو بین، ئەوا ئەم ناوچەیە دەبێتە ژینگەیەکی لەبارتر بۆ گەشەکردنی فیکری رادیکاڵی ئیسلامی لە ناو هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە، چەندین رێکخراوی تیرۆریستی هاوشێوەی داعش لەژێر ناوی جۆراوجۆری دیکەدا دروست دەبنەوە، بۆ ئەوەی ئەم مەترسییە لە سەرجەم مرۆڤایەتی و جیهانی ئازاد دووربخرێتەوە، بێجگە لە پشتگیرییەکی راشکاوانەو راستگۆیانە بۆ دەوڵەتی کوردستان ریگەیەکی دیکە بوونی نییە.

**لەئێستاوە کە دوای ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ یەو لەگەڵ ئەو هەڵوێستە نادروستانەش کە بەرامبەر پرۆسەی ریفراندۆمی کوردستان گیرانەبەر، بەڵام هەڵوێستی کوردستان و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی لە بەرامبەر شەڕی دژی داعش هەر هەمان هەڵوێستی پێش ٢٥ی ئەیلوولە، بۆیە هاوکات کە پرۆسەی دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراق لەسەر ئاکامی ریفراندۆم دەستی پێکردووە، هەقە وتوویژێکی راستگۆیانەو راشکاوانەش لەگەڵ هەموو دۆستەکانمان لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دەست پێ بکەین و زەمینیەک بۆ ئەوە خۆش بکەین کە لە کۆی سەرکەوتنی شەڕی دژی داعشدا، کۆی رەهەندەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و ئەو پرسیارەیان لێ بکەین، ئەگەر رێگری لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بکەن، ئایا ئاکامی ئەم شەڕە بە کوێ دەگات؟**



دادوەر عەبدولکەریم ئەبوبەکر هەمەوەندی بۆ گوڵان:

# دارشتنی دەستوور بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ جیاوازە لە دارشتنی دەستوور بۆ هەرێمێک

# دەبێت لە داڕشتنی دەستووری کۆماری فیدڕاڵیی کوردستان ئەو جیاوازییە لەبەرچاو بگیرێت

**سەرۆك بارزانی لەمیانەی دیدارە جەماوەرییەکانی لە شارو ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، ڕەهەندە گشتییەکانی دەوڵەتی داهاتووی کوردستانی دیاریکردو، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کۆماری کوردستان کۆمارێکی فیدڕاڵی دەبێت و هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان خۆیان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان دەدەن، ئەمەش لە چوارچێوەی دەستووری دەوڵەتی کوردستان ڕێکدەخرێت، بەمەش دەوڵەتی کوردستان دەبێتە ئەو دەوڵەتە نموونەییەی کە بۆ یەکەمجار دەبێت لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەوڵەتێکی هاوچەرخ دابمەزرێت کە تەواوی مافی هاووڵاتیان لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون لەخۆی بگرێت، بۆ قسەکردن لەسەر دەستووری داهاتووی دەوڵەتی کوردستان، گوڵان چەند پرسیارێکی سەبارەت بەو جیاوازییانەی کە دەبێت لە دەستووری دەوڵەتی کوردستاندا هەبێت، ئاراستەی دادوەر عەبدولکەریم ئەبوبەکر هەمەوەندی ئەندامی لیژنەی داڕشتنی دەستووری هەرێمی کوردستان کردو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** وەك ئەندامێکی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان، ئەگەر لە داهاتوودا کوردستان بووە دەوڵەت و دیسان بوویتەوە بە ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری دەوڵەتی کوردستان پێتوایە دەبێت چ گۆڕانکارییەك لەو دەستوورەدا بکرێت؟ هەروەها ئایا جیاوازیی نێوان داڕشتنی دەستوور بۆ هەرێمێك لەگەڵ داڕشتنی دەستوور بۆ دەوڵەتێك چییە؟**

-لە پرۆسەی داڕشتنی دەستوور لە دەوڵەتی سەربەخۆدا، کایەکانی دەسەڵاتی دەستووری زۆر زیاترن لە هی فەرمانڕەوایی لە هەرێمێکدا لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدڕاڵیدا، هەر بۆیە دەبێت لیژنەی داڕشتنی ڕەشنووسی دەستووری کۆماری کوردستانی سەربەخۆ، ئەو ڕاستییانە لەبەرچاو بگرێت کە لە پرۆژەی داڕشتنی دەستووری دەوڵەتی سەربەخۆ ڕەهەندەکان فراوانتر دەبن و دەبێت هەموو ئەو ڕەهەندانە لەبەر چاو بگیرێن، هەر بۆ نموونە دەبێت هەندێ لەو دەسەڵاتانەی کە لە دەوڵەتی سەربەخۆدا پیادە دەکرێن لە ڕەشنووسەکە بچەسپێندرێن، وەك:

ا- دەسەڵاتی پیادەکردنی سیاسەتی دەرەوەو نوێنەرایەتی دیپلۆماتی، کە خۆی لە پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی کۆماری کوردستانی فیدڕاڵی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە دەبینێتەوە، وەك کردنەوەی باڵیۆزخانەو کونسولگەری و دەستنیشانکردنی باڵیۆز و کونسوڵەکانی کوردستان لەو وڵاتانەو بەپێچەوانەش، وەرگرتنی نامەی پشتیوانیی باڵیۆز و کونسوڵەکانی ئەوانیش بۆ نێو دەوڵەتی کوردستان و دانوستاندن لەگەڵ وڵاتان و گرێدانی ڕێککەوتنامەو پەیماننامەو بەڵێننامەی سیاسی و سەربازی و بازرگانی و زانستی و...هتد بەپێی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان.

ب- سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی و ڕێکخستنی هێزی چەکدارو دابینکردنی ئاسایشی سنوورەکان و بەرگریکردن لە خاك و ئاسمانی کوردستان.

ج- کۆنترۆڵکردنی ئاسمانی دەوڵەت و بەرگری لێی و ڕێکخستنی هاتوچۆو ترافیکی فڕۆکەوانی.

ح- داڕشتنی سیاسەتی دارایی و دەرکردنی دراوی نیشتمانی و دانانی بودجەی ساڵانەی دەوڵەت و داڕشتنی سیاسەتی دراو و دامەزراندنی بانکی مەرکەزی.

**بۆ ئەوەی مافی هەرێمەکان پارێزراو بێت، دەبێت ئەنجومەنی فیدڕاڵی لە نوێنەری هەرێمەکان پێک بێت و هەرێمەکان بە ڕێژەیەکی یەکسان نوێنەرایەتی تێدا بکەن بۆ ئەوەی هەرکاتێ هەستیان بە نادادپەروەری کرد لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران، یان لە کارگێڕیی حکومەتی فیدڕاڵ کە پێشێلی مافەکانیان دەکات، بتوانن بەرەنگاری هەر بڕیارێکی لەو جۆرە ببنەوە**



**نەک هەر لە دادگای فیدراڵی، بگرە دەبێت دادوەری لە گشت دادگاکانی دەوڵەتی کوردستان ئازادبێ و نابێت کاریگەریی دەسەڵاتی حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەرانی لەسەر بێت**

خ- ڕێکخستنی ستاندارد وپێوانەو سەنگ و قورسایی.

ز- ڕێکخستن و دەرکردن وپێدانی وڵاتننامەو نیشتەجێبوون و بەخشینی مافی پەنابەریی سیاسی.

و- ڕێکخستنی لەرەلەر (فریکوێنسی) و کاری ئێستگەکانی رادیۆو تەلەفزیۆن و پۆستە لە سەرتاسەری دەوڵەتی کوردستان.

ە- دانانی پڕۆژەی بودجەی گشتی و وەبەرهێنان.

س- پلاندانان بۆ سیاسەتی پەیوەست بە سەرچاوەکانی ئاو لە دەرەوەی کوردستان.

ل- سەرژمێریی هاووڵاتیانی کوردستان و ئاماری کۆمەڵایەتی و ئابووری.

م- گەلێك دەسەڵات و ئەرك و فەرمانی دیکە.. بەپێی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و پێویستیی حوکمڕانیی حەکیمانە.

*** مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان لە میانەی دیدارە جەماوەرییەکانی، سیما سەرەکییەکانی دەوڵەتی داهاتووی کوردستانی خستۆتەڕوو و ئاماژەی بەوە کردووە کە هەنگاو بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی هەڵدەگرن، ئەمەش بەو مانایەی هەر پارێزگایەك هەرێمێکی سەربەخۆ دەبێت لەناو دەوڵەتی کوردستاندا، ئایا شێوازی داڕشتنی دەستووری دەوڵەتێکی فیدراڵی دەبێت چۆن بێت؟**

- پێویستە لە دیباجەی دەستوورەکە جەخت بکرێتەوە و راشکاوانە ئاماژە بەوە بکرێت کە کۆماری کوردستان لەسەر بنەمای دیموکراسی و فیدراڵی دامەزراوەو هەر پارێزگایەك دەسەڵاتی هەرێمێکی پێدەدرێت و جگە لەو دەسەڵاتانەی کە دەستوور تایبەتمەندیی داوەتە حکومەتی فیدراڵی، هەموو دەسەڵاتەکانی تری فەرمانڕەوایی پیادە دەکات. دەکرێ بە ژمارە دەسەڵاتە سەرەکییەکانی حکومەتی فیدراڵ لە لایەك و دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمەکان بە ژمارە لە لایەکەی دیکە دیار بکات، یان دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵ دیاری بکات و حکومەتی هەرێمەکان ئازاد بکات لە پیادەکردنی گشت دەسەڵاتەکانی دیکە.

*** لە کوردستاندا پێکهاتەی جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی هەیە، ئایا چۆن مافی ئەو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیانیە لە**

**دەستووردا زامن دەکرێت و دەوڵەتی هاووڵاتی بونیاد دەنرێت؟**

- دەبێت یەکێك لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی دەستوور ڕێزگرتن بێت لە گشت پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاییەکان و ئازادبوونیان لە پیادەکردنی نەریت و شەعائیری ئایینی خۆیان و بیروبۆچوونیان بە شێوەیەك هەست بە هاوبەشی و هاووڵاتیبوونی پلە یەکی خۆیان بکەن.

*** لەدەوڵەتی فیدراڵیدا ئەنجومەنی فیدراڵی لە ئەنجومەنی نوێنەران جیاوازە، ئێمە دەزانین کە ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر بنەمای کورسیی پەرلەمان ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن، ئایا ئەنجومەنی فیدراڵی چۆن پێکدەهێندرێت و ئەگەر ئەنجومەنی نوێنەران هەبێت، بۆچی ئەنجومەنی فیدراڵی پێویستە؟**

- بۆ ئەوەی مافی هەرێمەکان پارێزراو بێت، دەبێت ئەنجومەنی فیدراڵی لە نوێنەری هەرێمەکان پێك بێت و هەرێمەکان بە ڕێژەیەکی یەکسان نوێنەرایەتی تێدا بکەن بۆ ئەوەی هەرکاتێ هەستیان بە نادادپەروەری کرد لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران، یان لە کارگێڕیی حکومەتی فیدراڵ کە پێشێلی مافەکانیان دەکات، بتوانن بەرەنگاری هەر بڕیارێکی لەو جۆرە ببنەوە و سنوور بۆ ویست و ڕێککەوتنە سیاسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دابنێت، بەتایبەتی کە لە ئەنجومەنی نوێنەران، هەندێ جار، بڕیارەکان بە زۆرینەو کەمینە دەردەچن.

*** لەدەوڵەتی فیدراڵیدا دادگای فیدراڵی دەبێت پارێزەری مافە دەستوورییەکانی هەموو پێکهاتەکان و هەموو هاووڵاتیان بێت، ئایا تاچەند دادگای فیدراڵی دەبێتە چەتری پاراستنی مافی پێکهاتەکانی کوردستان؟**

- نەك هەر لە دادگای فیدراڵی، بگرە دەبێت دادوەری لە گشت دادگاکانی دەوڵەتی کوردستان ئازادبێ و نابێت کاریگەریی دەسەڵاتی حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەرانی لەسەر بێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت مەرجی دڵنیاکەر دابندرێت بۆ دەستنیشانکردنی دادوەران و داواکارانی گشتی و دامودەزگاکانی و هیچ لایەن و دەسەڵاتێك نەتوانێ کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی هەبێت، بەتایبەتی دەبێت ئەندامانی دادگای فیدراڵی لە ڕێگەی دەستنیشانکردنیانەوە لەلایەن ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمەکان و بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی ئەو هەرێمانەوە دابمەزرێن.

*** لەبەر ئەوەی کوردستان دەوڵەتێکی فرەنەتەوەو ئایین و ئایینزای جیاوازە و لە دەستووردا مافی ئەو پێکهاتانە زامن کراوە، کەواتە پێویستە هەموو نەتەوەکان، نەتەوەی سەرەکی و ئایینەکان ئایینی فەرمی بن لە کوردستان، ئایا میکانیزمی پێویست لە دەستووردا بۆ زامنکردنی ئەم هاوسەنگی و یەکسانییە چۆن دادەڕێژدرێت؟**

- دەبێت یاسا دەستەبەریی پیادەکردنی هەر نەتەوە و ئایین و ئایینزایەك بکات بۆ داب و دەستووری تایبەتیی خۆیان و تایبەتمەندیش بە هەندێ ڕێساو نەریت و عورفی کۆمەڵایەتی و پابەندبوونی خۆی بە یاساو بنەما نێودەوڵەتییەکان دەربخات و بچێتە نێو ئەو ڕێککەوتن و پەیماننامانەی کە تایبەتن بە مافی مرۆڤ و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان و مۆریان بکات بۆ ئەوەی پابەندبوونی خۆی بە یاساو ڕێساو بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بسەلمێنێت.

*** ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی ئێستای هەرێمی کوردستان کە لە ریفراندۆم بەشدارییان کردو دەبنە بەشێك لە دەوڵەتی کوردستان، کۆمەڵێك کێشەی هەڵواسراویان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق دەبێت، ئایا تا چەند لەچوارچێوەی دەستووردا بواری ئەوە دروست دەکرێت کە کێشەی سنوور لەگەڵ دەوڵەتی عێراق چارەسەر بکرێت؟**

- کاتێ ئەو ناوچانە دێنەوە سەر دەوڵەتی کوردستان دەبێتە ئەرکی حکومەتی کوردستان کە لەگەڵ حکومەتی ئەو کاتی عێراق وەك دوو دەوڵەتی هاوسێ و هاوتەریب، لە ڕێگەی دانوستاندنەوە سنوورەکانیان بەپێی واقیعی جوگرافی و مێژوویی و نەخشە جیهانییەکان دیاری بکەن و ئەو ماف و ئیستیحقاقاتەی هەیانە، لە ڕێگەی گفتوگۆو دانوستاندن و ڕێککەوتننامەی دوولایەنە وەربگیردرێتەوە.

**دەبێت یەکێک لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی دەستوور ڕێزگرتن بێت لە گشت پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاییەکان و ئازادبوونیان لە پیادەکردنی نەریت و شەعائیری ئایینی خۆیان و بیروبۆچوونیان بە شێوەیەک هەست بە هاوبەشی و هاووڵاتیبوونی پلە یەکی خۆیان بکەن**

**پێویستە لە دیباجەی دەستوورەکە جەخت بکرێتەوە و ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە بکرێت کە کۆماری کوردستان لەسەر بنەمای دیموکراسی و فیدراڵی دامەزراوەو هەر پارێزگایەک دەسەڵاتی هەرێمێکی پێدەدرێت**



**عمران ئـەل بـەدەوی پرۆفیسـۆر و بەڕێوەبـەری پرۆگرامـی دیراسـاتی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتە لـە زانکۆی هیوستن، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك وزەو کۆمەڵگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها دامەزرێنـەری پرۆگرامی دیراساتی عەرەبییە لـە هەمان زانکۆ. بۆ شرۆڤەکردنی ئەو دۆخە پڕ لە پشێوی و تەنگژەیـەی کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێدا تێدەپەڕێت و بۆ تاوتوێکردنی ئاسۆی چارەسـەرکردنی ئـەو ئاڵۆزییانـەو پرسی سـەربەخۆبوونی کوردستان و چەند بابەتێکی دیکـەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا، ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە بۆچوونەکانی کرد.**

*** لـە ئێستادا چەندیـن پێشـهات و پەرەسـەندن لـە ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا لەئـارادان، بـە شـێوەیەکی گشـتی تێڕوانینـی ئێـوە چییـە لـە ئاستی ئـەو بارودۆخـەی باڵـی بەسـەر ناوچەکـەدا کێشـاوە؟**

- بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە مـاوەی چەنـد هەفتـەو مانگـی ڕابـردوودا دۆخەکـە لـە عێـراق و سووریا بـەرەو سـەقامگیرییەکی ناجێگیـر ڕۆیشـتووە، کـە بینیمـان حکومەتـی عێـراق، بـە هاوبەشـی هێزەکانـی حەشـدی شـەعبی کـە ئێـران پشـتیوانیان دەکات، بەشـی زۆری خاکـی وڵاتەکـەی گرتـەوە. حکومەتـی سـووریاش لـە سـەرکەوتندایە، بەتایبەتـی دوای ئـەوەی حیمـس و حەلەبـی گرتـەوە و ئێسـتاش بـەرەو ڕۆژهەڵاتـی وڵاتەکـە واتـە بـەرەو دەیـر ئەلـزور دەڕوات. ئەمـەش واتـە حکومەتـی سـووریا و عێـراق بـەرەو بەدەسـتهێنانەوەی خاکـی وڵاتەکانیـان لـە پێشـڕەویدان. هەروەهـا پەرەسـەندنی دیکـەش هـەن، وەك ڕیفراندۆمەکـەی کوردسـتان، کـە ئەمانـەش دەرئەنجامـی ئـەو هەنگاوانـەن کـە بـۆ گێڕانـەوەی سـەقامگیری دەدرێـن، ئەگەرچـی سـەقامگیرییەکی جێگیریـش نییـە.

*** بـەڵام لەگـەڵ ئـەو پەرەسەندنانەشدا ناکرێت بڵێیـن کـە کێشـە بنەڕەتییـەکان چارەسـەر کراوە، بـەو پێیە هەمیشە ئەگـەری سـەرهەڵدانەوەی توندوتیژی**

## عمران ئەل بەدەوی

### بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی هیوستن:

# هەنگاوهەڵگرتنی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی بە شتێکی حەتمی دەبینم

**و پشێوی لە ئارادا دەبێت؟**

- ئەمە دەقاودەق راستە، هەر لەبەر ئەوەشە کە من وتم سەقامگیرییەکی ناجێگیر و رەنگە هەر سەقامگیریش نەبێت، بەڵکو گەڕانەوە بێت بۆ دۆخی پێشوو، کە دۆخێك بوو تایفەگەری و گەندەڵییەکی بەربڵاو و نەبوونی دیموکراسیەت و شەفافیەت باڵی بەسەردا کێشابوو، کە ئەم کێشانەش چارەسەر نەکراون. ئەوەی هەیە تای تەرازووەکەی هەر جارەی بەلایەکدا دەشکێتەوە، بۆ نموونە دوای ئەوەی سوننە بۆ چەندین دەیە جڵەوی حکومڕانیی عێراقیان لەدەستدا بوو، ئێستا شیعە حوکمڕانە لەو وڵاتەدا و هێشتا هەردوولا نەگەیشتوونەتە زەمینەیەکی هاوبەش و هیچ ئاماژەیەکیش نییە کە ئەمە رووبدات. لە سووریاشدا هێشتا دەسەڵات لە دەستی خانەوادەی ئەسەددایە، بەڵام ئەگەری سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی بەربڵاو و رژانەسەر شەقام لەلایەن خەڵکەوە بۆ داواکردنی چاکسازی تەنیا مەسەلەی کاتە.

*** باست لە گەڕانەوە بۆ دۆخی رابردوو کرد، ئایا پێتوانییە دوای ئەو هەموو پێشهات و پەرەسەندنانە ئەمە زیاتر لە مەحاڵەوە نزیك بێت؟ ئایا ئایندەی ئەم وڵاتانە لە رووی بە نارمەکەزیکردنی دەسەڵات و دابەشکردنی دەسەڵاتەوە چۆن دەبینیت؟**

- ئەو وانەیەی لە بەهاری عەرەبییەوە فێری بووین، ئەوەیە هەموو پێشبینییەکان هەڵە دەرچوون، بەو پێیە لەم ساتەوەختەدا مەحاڵە بزانین لە داهاتوودا چی روودەدات لەم ناوچەیەداو بەتایبەتی لە عێراق و سووریادا. واتە بۆی هەیە مانگی داهاتوو شۆڕشێك، راپەڕینێك، یان داگیرکارییەك رووبدات و رەوتی رووداوەکان بگۆڕێت. بەڵام هەندێ پەرەسەندن هەن، وەك ریفراندۆمەکەی کوردستان، ئەمانە پەرەسەندنی حەتمین، من چەند مانگێك بەر لە ئێستاو لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤارەکەتاندا باسم لەوە کرد کە پرسی کورد رۆڵێکی گرنگی دەبێت و ئەمەش بە مەسەلەیەکی حەتمی دەزانم. لە سەروەختی سایکس پیکۆوە چەندین ستەم و نادپەروەری کران، یەکێك لە نادادپەروەرییە گەورەکان ئەوە بوو کورد کە گەورەترین گرووپی ئیتنین، خۆبەڕێوەبەرییەك، یان دەوڵەتێکیان پێ رەوا نەبینیوە. تەنیا دوای ئەوەی سەدام حوسێن هێرشی کردە سەر خەڵکی وڵاتەکەی و سەر

کورد، خۆبەڕێوەبەری وەك ئەمری واقیع بۆ کورد هاتەئاراوە، کە ئێستاش ئەوان لە قۆناغی دووەمدان، چونکە لە ئێستادا سوننەکان لە عێراق و سووریادا لاوازن و دەرفەتێك هەیە بۆ گرووپە ئیتنییەکانی دیکە، بەتایبەتی کورد- کە رەنگە بەهێزترین گرووپی ئیتنی بن لە وڵاتەکەدا- بۆ ئەوەی هەنگاوێك زیاتر بچنەپێش لەو خۆبەڕێوەبەرییەی هەیانە و ببنە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ. هەر کاتێکیش ناسەقامگیری هەبووبێت لە ناوچەکەدا، کورد هەنگاوی بەرەو سەربەخۆبی هەڵگرتووە و پێموایە ئەمە شتێکی حەتمییە. جێی داخیشە کە هیچ پەرەسەندنێکی ئیجابی نابینم لە حکومەتی عێراق و حکومەتی سووریادا، مەبەستم ئەوەیە هێشتا هەر خانەوادەی سەربازی حوکمڕانی دەکەن و بەلای منەوە زەحمەتە ئەوەش بە شێوەیەکی ئاشتییانە کۆتایی پێبێت، کەواتە هێشتا پەرەسەندنی زۆر هەن کە نیگەران بین لەبارەی ئایندەی ناوچەکەوە لە رووی روودانی توندوتیژی و ناسەقامگیرییەوە.

*** کەواتە پێتوایە جارێکی دیکە ئەم وڵاتانە نابنەوە بە وڵاتێکی یەگگرتوو، بەو پێیە دروستبوونی دەوڵەتی نوێ شتێکی حەتمییە؟**

- پێموایە لە پەیوەندی بە کوردەوە ئەمە شتێکی حەتمییەو من دڵنیانیم لەبارەی بەشەکانی دیکەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا درووستبوونی دەوڵەتی کوردستان چ سەقامگیرییەك لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، چونکە بەلای منەوە پرسیارە سەرەکییەکە پەیوەستە بە بواری ئەمنییەوە، کوردی عێراق ئەوەی بۆ جیهانی دەرەوە سەلماندووە کە کاتێك مەسەلەکە پەیوەست بێت بە بزنس و گەشتیاری و پەرەپێدانەوە ئەوا دەزانێت چۆن ئیدارەی ئابووری بکات، ئەمانە ئاماژەی ئیجابین، هەروەها کورد نەوتیشی هەیە، بەڵام کاتێك داعش رووی کردە کوردستان، ئەوا کورد پێویستی بە هاوکاری دەوڵەتە دراوسێکان هەبوو، کەواتە ئەگەر بێتو کورد بتوانێت بەسەر کێشەی ئەمنیدا زاڵ بێت، ئەوا ئەمە شتێك حەتمی دەبێت. ئەوەی پەیوەندی بە بەشەکانی دیکەی عێراقەوە هەبێت، ئەوا سوننەکان لە بارێکی لاوازدان، ئەمە بۆ سووریاش راستە، بەڵام ئەمەش کارەساتی لێدەکەوێتەوە، واتە دەبێت حکومەتی ئەم وڵاتانە بە چەشنێك مامەڵە لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتەکانیاندا بکەن کە هەست بکەن رێز لە بەرژەوەندییەکانیان دەگیرێت و نوێنەرایەتیان هەیە لە حوکمڕانیدا. کە هیچ ئاماژەیەکیش لە ئارادا نییە کە ئەمە رووبدات.

*** کورد هەمیشە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە بەشێکی کاراو کاریگەربوون لە شەڕی دژ بە داعش و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش شاهێدی ئەمەیان بۆ دەدات، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کورد دەتوانێت پێشبینی پشتیوانیی نێودەوڵەتی بکات ئەگەر هاتوو سەربەخۆیی راگەیاند؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە پشتیوانی نێودەوڵەتی، یاخود ئەوەی پێی دەوترێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی- کە زۆرجار مەبەستەکە بریتییە لە ئەمریکا و دۆستەکانی، یاخود ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا و دۆستەکانیان-، ئەوا پشتیوانی بە خێرایی دێت و دەڕوات، ئەوەش بەندە بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاوە. بە کورتی کورد ناتوانێت بە تەواوەتی پشت بە ئەمریکا یان نەتەوە یەککگرتووەکان، یان یەکێتی ئەورووپا ببەستێت بۆ ئەوەی هاوکاری بکات. ئەگەر ئاوڕ لە رابردوو بدەینەوە، ئەوا ئەوەی پێی دەڵێن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی کوردیان کرد لە شەڕی کەنداودا، لەبەر ئەوە بووە کە دەبووە هۆی لاوازکردنی سەددام کە دوژمنی ئەوان بوو، کەچی ئێستا هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبینیت لە دژی ریفراندۆم وەستانەوە، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی لە کورد دەکات، کاتێك لە بەرژەوەندیاندا دەبێت، کەچی پشتیوانیی کورد ناکات کاتێك ئەم پشتیوانییە لە بەرژەوەندی خودی کورددا دەبێت؟ کەواتە ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت کە دەبێت کورد لەم شەڕەیدا، ئیدی لە پێناوی ناسنامەیدا بێت، لە پێناوی دەوڵەتی نەتەوەییدا بێت، ئەوا دەبێت پێش هەموو شتێك پشت بەخۆی ببەستێت. هەرچەندە کێشەکە ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی کورد لە دەوڵەتە دراوسێکانی وەك تورکیا و ئێرانیشدا بوونی هەیە ئەوا راگەیاندنی هەر جۆرە سەربەخۆییەك لەلایەن کوردی عێراقەوە دەبێتەهۆی ئەوەی کورد بیر لە کاردانەوەی دەوڵەتە دراوسێکان بکاتەوە، پێش ئەوەی خەیاڵی خۆی بە کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە سەرقاڵ بکات. کەواتە مەسەلەکە

**ئێران لە یەمەن و عێراق و سووریادا شەڕ دەکات، بەتایبەتی کە عێراق و سووریا بە باخچەی پشتەوەی خۆی دەزانێت، کەواتە لە روانگەی ئێرانەوە ئەوان هیچ بژاردەیەکی دیکەیان نییە، ئەمە شەڕی مان و نەمانە بۆ ئەوان، بەتایبەتی دوای ئەزمونیان لەگەڵ سەددام و شەڕی هەشت ساڵە کە ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە هەردوولا کوژرا**

**ئەمریکا هەندێ لە دەستڕۆیشتوویی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەدەست دەدات و رووسیا هەڵساوە بە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، بە هەمان شێوە سعودیەو قەتەر و هەندێ لە وڵاتانی دیکەی کەنداو و ئێرانیش ئەو بۆشاییە پڕ دەکەنەوە**

**ئێمە لە ماوەی دوو بۆ سێ ساڵی رابردوودا هەڵکشانی پۆپۆلیزم و ناسیۆنالیزممان بینی، هەر لە دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا و دەرچوونی ترەمپ بە سەرۆکی ئەو وڵاتە، هەروەها حاڵەتی ئیسلامۆفۆبیاش. کەواتە ئەمە واقیعەکەیە، ئەمە واقیعی دوو بۆ سێ ساڵی رابردووە**

زۆر ئاڵۆزە، هەروەك ئێوەش دەزانن.

*** باشە لەنێو ئەم هەموو رووداو و گۆڕانکارییانەدا پێتوایە ستراتیژیەتی ئەمریکا چییە کە ئێمە دەزانین ئەمریکا هێزێکی دەستڕۆیشتووە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بەرژەوەندیی زۆری لەم ناوچەیەدا هەیە؟**

- ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ئیدارەی پێشوو، ئەوا سەرۆك ئۆباما دەیویست ئەمریکا سیاسەتێکی تۆکمەی هەبێت لە ئاست ئەم ناوچەیەدا کە بێتەهۆی بەرەودان بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و پاراستنی ئەو دۆخەی لەئارادایە، بەڵام دوای رووداونی ئەوەی پێی دەوترێت بەهاری عەرەبی- کە سەرەتا لە تونس و دواتر لە میسر و وڵاتانی دیکەدا روویدا- کە تێچکوونی بارودۆخی ئەمنی و سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی لێکەوتەوە، بوار بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەی ئۆباما نەما بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی تۆکمە لە ئاست ناوچەکەدا. بەڵام سیاسەتی ئیدارەی ترەمپیش هەر هەمان سیاسەتە- هەرچەندە کەسایەتی و رەفتارەکانی ترەمپ جێگیر نین-، راستە هەندێ حاڵەتی جیاوازیش هەبوو، وەك بۆردومانکردنی سووریا، بەڵام زیاتر درێژەی بە هەمان سیاسەت داوە. کەواتە دەتوانین بڵێین ئیدارەی ئەمریکا هیچ سیاسەت و پلانێکی تۆکمەی نییە لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، جگە لە هەندێ هەوڵ نەبێت بۆ زیندووکردنەوەی پرۆسەی بێگیانی ئاشتی لەنێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا، یان ئیدانەکردنی رژێمی سووریا، یاخود قسەکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق و کورددا، کە هیچ یەکێك لەم هەنگاوە بچووکانە نابنەهۆی بەرەوپێشبردنی دۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

*** کەواتە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دۆخێکی ئاڵۆزدایەو چارەسەرکردنی کێشەو ئاڵۆزییەکانیش کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ئایا هەنگاوی سەرەتایی چییە بۆ ئەوەی کار بۆ باشترکردنی دۆخەکە بکرێت؟**

- لە راستیدا دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە بۆ چەندین دەیە دەچێت دیموکراسی لەم ناوچەیەدا بوونی نییە، کەرتی پەروەردە و چاودێری تەندروستی شکستیان هێناوە، گەشەی ئابووری و هەلی کار لە ئارادا نین، نادادپەروەری و گەندەڵییەکی بەربڵاو هەن، هەروەها هەڵکشانی گرووپە ئیسلامی و تۆسوولگەراکان، دۆخی خراپی ئافرەتان و مافی ئافرەتان. من لە زانکۆی هیوستن وانەیەك دەڵێمەوە لەبارەی وزەو کۆمەڵگە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە پەیوەستە بە کاریگەری نەوت و گاز و هەروەها رۆڵی ئایین و کەلتوور و باوکسالاری و.. هتد، پێموایە لەم ناوچەیەدا کە شتەکان پێکەوە گرێدراون، زۆر گرنگە سەرکردایەتییەك یان حکومەتێك هەبێت کە نوێنەرایەتی خەڵك بکات، یان بەلای کەمەوە هەندێ دەرفەت برەخسێنێت، ئەمە بەلای منەوە مەسەلەیەکی بنەڕەتییە. واتە سەرەتا دەبێت حکومەتێك هەبێت کە هەلی کار بۆ خەڵك دابین بکات و حکومەتێك بێت خزمەت بە خەڵك بکات، نەك بە خۆی. ئێمە لە سەر ئاستی بنەڕەتی دەتوانین باسی ئەرکی حکومەت بکەین لە چاکسازی کردن لە کەرتی پەروەردە و بواری پەرەپێدان و ...هتد.

*** بەڵام تا چەند گەشبینیت لەم رووەوە، چونکە هەروەك ئاشکرایە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە ناوچەیەکی شکستخواردوو کە بەرهەمێنەری بازنەیەکی بێکۆتایی لە تەنگژە و تەنگوچەڵەمەیە؟**

- لە راستیدا زۆر پرسیاری ئەوە دەکرێت کە بۆچی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گێژاوی تەنگژە و قەیراندایە و بۆچی ناوچەیەکی شکستخواردووە و بۆچی بۆتە زۆنی دەوڵەتە شکستخواردووەکان. هەندێك ئۆباڵەکە دەخەنە ئەستۆی بوونی نەوت و غاز و بوونی دەوڵەتێك کە تەنیا پشت بە داهاتی نەوت و گاز ببەستێت، واتە ئەوەی پێی دەڵێن نەفرەتی نەوت. هەندێکی دیکە بەرپرسیارێتی دەخەنە ئەستۆی ئیسرائیل و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، ئەوانی دیکە پێیانوایە هۆکارەکە هەڵکشانی تیرۆریزم، یان ناسیۆنالیزمی ئیسلامی- هەر ناوێکی لێ بنێیت-. لە راستیدا خۆی ناوچەکە لە رووی سەرچاوە و لە رووی ستراتیژییەوە زۆر گرنگە، بەڵام من دەگەڕێمەوە بۆ پرسی سەرکردایەتی، چونکە ئەگەر سەرکردایەتییەك هەبێت کە بە راستی لە خەمی خەڵك و وڵاتەکەدا بێت، ئەوا دروستبوونی تیرۆریزم و ئەو کێشانەی دیکە بە ئاسانی نایەنە ئاراوە. کەواتە بە دید و تێڕوانینی من یەکەمجار پەیوەستە بە سەرکردایەتییەوە دواتر

**ئیدارەی ئەمریکا هیچ سیاسەت و پلانێکی تۆکمەی نییە لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، جگە لە هەندێ هەوڵ نەبێت بۆ زیندووکردنەوەی پرۆسەی بێگیانی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا، یان ئیدانەکردنی رژێمی سووریا، یاخود قسەکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق و کورددا، کە هیچ یەکێک لەم هەنگاوە بچووکانە نابنەهۆی بەرەوپێشبردنی دۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

**کورد ناتوانێت بە تەواوەتی پشت بە ئەمریکا یان نەتەوە یەکگرتووەکان، یان یەکێتی ئەورووپا ببەستێت بۆ ئەوەی هاوکاری بکات. ئەگەر ئاوڕ لە رابردوو بدەینەوە، ئەوا ئەوەی پێی دەڵێن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی کوردیان کرد لە شەڕی کەنداودا، لەبەر ئەوە بووە کە دەبووە هۆی لاوازکردنی سەددام کە دوژمنی ئەوان بوو**

**ئەگەر سەرکردایەتیەک هەبێت کە بە راستی لە خەمی خەڵک و وڵاتەکەدا بێت، ئەوا دروستبوونی تیرۆریزم و ئەو کێشانەی دیکە بە ئاسانی نایەنە ئاراوە**

**دەبێت کورد لەم شەڕەیدا، ئیدی لە پێناوی ناسنامەیدا بێت، لە پێناوی دەوڵەتی نەتەوەییدا بێت، ئەوا دەبێت پێش هەموو شتێک پشت بەخۆی ببەستێت**

**کوردی عێراق ئەوەی بۆ جیهانی دەرەوە سەلماندووە کە کاتێک مەسەلەکە پەیوەست بێت بە بزنس و گەشتیاری و پەرەپێدانەوە ئەوا دەزانێت چۆن ئیدارەی ئابووری بکات**

**هیچ پەرەسەندنێکی ئیجابی نابینم لە حکومەتی عێراق و حکومەتی سووریادا، مەبەستم ئەوەیە هێشتا هەر خانەوادەی سەربازی حوکمڕانی دەکەن و بەلای منەوە زەحمەتە ئەوەش بە شێوەیەکی ئاشتییانە کۆتایی پێبێت**

بە دەستێوەردانی دەرەکییەوە. ئەی چارەسەرەکە چییە، من پێموایە چارەسەرەکە لە پێکەوەژیانی ئاشتییانەدایە، واتە بیروباوەڕە جیاوازەکان، بە لیبراڵی و موحافیزەکار و بێباوەڕ و ئیسلامی و مەسیحی پێکەوە بژین. خەڵکی عێراق، یان ئێران، یاخود میسر لەسەر یەك ئایدیۆلۆژیا رێکناکەون، بەڵام ئەمە دەقاودەق مەسەلەکەیە، چونکە ئەگەر تۆ دەتەوێت لە تیرۆر رزگار بیت و ئەگەر دەتەوێت کەرتی پەروەردە بەرەو پێشەوە ببەیت، ئەوا دەبێت بوار بە بیروبۆچونی جیاواز بدەیت و دەبێت کۆمەڵگەیەکی لێبوردەت هەبێت، دروستکردنی ئەم کۆمەڵگەیە کاتی دەوێت و دەبێت لە خێزانەکان و لەنێو خودی کۆمەڵگەکانەوە دەست پێبکرێت، چونکە ئەمە لە ئەمریکا، یان ئیسرائیلەوە دەست پێناکات، بەڵکو لە خودی کۆمەڵگەکەوە دەست پێدەکات.

*** بەڵام ئایا ئەمریکا ناتوانێت هاوکاری ئەم کۆمەڵگەیانە بێت، یاخود بەشدارییەکی بنیادنەرانەی هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەو ئاڵۆزییەکانی ئەم ناوچەیەدا، بەتایبەتی کە ئەمریکا هێزێکی دەستڕۆیشتووە و بەرژەوەندی گەورەشی لەم ناوچەیەدا هەیە؟**

- لە راستیدا خواستی داڕێژەرانی سیاسەت شتێکە و ئەوەی لە واقیعیشدا دەگوزەرێت شتێکی دیکەیە. بە داخەوە ئێمە لە ماوەی دوو بۆ سێ ساڵی رابردوودا هەڵکشانی پۆپۆلیزم و ناسنیۆنالیزممان بینی، هەر لە دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا و دەرچوونی ترەمپ بە سەرۆکی ئەو وڵاتە، هەروەها حاڵەتی ئیسلامۆفۆبیاش. کەواتە ئەمە واقیعەکەیە، ئەمە واقیعی دوو بۆ سێ ساڵی رابردووە، بەشێکی زۆری ئەمەش بۆ شەپۆلی کۆچبەرانی سووری دەگەڕێتەوە بۆ ئەورووپا. ئێستاش ئەوەی لە ئەمریکادا روودەدات، ئەوەیە کە ئەمریکا هەندێ لە دەستڕۆیشتوویی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەدەست دەدات و رووسیا هەڵساوە بە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، بە هەمان شێوە سعودیەو قەتەر و هەندێ لە وڵاتانی دیکەی کەنداو و ئێرانیش ئەو بۆشاییە پڕ دەکەنەوە، ئەمەش گۆڕانکارییەکی گەورەیە، پێشتر گۆڕانکاری هاوشێوە روویدا، لە ساڵی ١٩٧٩دا، هەروەها لە سەروەختی جەنگە جیهانییەکاندا، کەواتە ئەمە ئەوەیە کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییەکی گەورەدا دەکەین.

*** ئاماژەت بەوە کرد کە داکشانی دەستڕۆیشتویی ئەمریکا بۆشایی دروست کردووەو یەکێکیش لەو وڵاتانەی ئەم بۆشاییەی پڕکردۆتەوە ئێران، چۆن لە رۆڵی ئێران لەم ناوچەیەدا دەڕوانیت؟**

- ئەوەی مایەی تێگەیشتنە، چونکە ئێران لە یەمەن و عێراق و سووریادا شەڕ دەکات، بەتایبەتی کە عێراق و سووریا بە باخچەی پشتەوەی خۆی دەزانێت، کەواتە لە روانگەی ئێرانەوە ئەوان هیچ بژاردەیەکی دیکەیان نییە، ئەمە شەڕی مان و نەمانە بۆ ئەوان، بەتایبەتی دوای ئەزمونیان لەگەڵ سەددام و شەڕی هەشت ساڵە کە ژمارەیەکی زۆری خەڵك لە هەردوولا کوژرا، ئەم ئەزموونە بۆ هەمیشەیی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی گۆڕی، کەواتە ئەمە شتێکی پێشبینی کراو و قابیلی تێگەیشتنە. ئەوەی پەیوەندی بە سووریاشەوە هەبێت، ئەوا شەڕەکە بەرەو کۆتایی دەچێت، ئەمە واقیعەکەیە، ئەگەرچی ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە توندوتیژی کۆتایی دێت، شەڕەکە بەرەو کۆتایی دەچێت و براوەی شەڕەکەش ئەسەدو ئێرانن. ئێستاش پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێران هاوپەیمانیەتێیەك دروست دەکات کە لە خزمەتی خەڵکی ناوچەکەدا بێت، یان شێوە دیکتاتۆرێکی دیکە بەسەر ناوچەکەدا دەسەپێنێت، ئێمە نازانین.

*** ئەی چۆن لە ئایندەی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمەریکا دەڕوانیت؟**

- ئاشکرایە ترەمپ توندی پێوە دیارە، بەڵام دەبینین هێشتا رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران بەردەوامە، ئەگەرچی دەبێت ئەوە بڵێین کە سوود ئابوورییەکانی ئەم رێککەوتنە بۆ ئێران سنوردار بووە، چونکە تەنها کۆمپانیای تۆتاڵ و ژمارەیەکی کەمی کۆمپانیای ئەورووپی چوونەتە ئێران بۆ بزنس. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە رووی سیاسیەوە ئێران بەو شێوەیە رەفتار دەکات کە چاوەڕێ دەکرێت و ئێران رێگەی شەڕی گرتۆتەبەر، خۆ ئەگەر بێتوو بتوانێت رێگەی پەرەپێدان و بزنس و و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بگرێتەبەر، ئەوا ئومێدێك دێتەئاراوە.



نێد لازارۆس پرۆفیسۆری کاروباری نێودەوڵەتیی لە سکوولی ئەلیۆت. توێژەری بواری چارەسەرکردنی ناکۆکییە، پێشتریش وانەبێژی بابەتی چارەسەرکردنی ناکۆکی بووە لە زانکۆی جۆرج مەیسۆن، جۆرج تاوون و ماڵتاو چەند زانکۆیەکی دیکە. لە ساڵی ١٩٩٤بۆ٢٠٠٤ بەڕێوەبەری پرۆگرامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بنیادنانی ئاشتی بوو کە بارەگاکەی لە قودس بوو. بۆ تاوتوێکردنی ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و پرسی هەنگاوهەڵگرتنی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی بەتایبەتی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

**نێد لازارۆس**

تایبەتمەندی کاروباری نێودەوڵەتیی بۆ گوڵان:

# دەوڵەتی کوردستان دەبێتە فاکتەری سەقامگیری بۆ ناوچەکەو هیچ کەسێکیش ناتوانێت دژی مافی بڕیاردانی چارەنووس بێت

**ئیسرائیل سەرەڕای دژوارییەکان، لە بنیادنانی دەوڵەتێکی بەهێزدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بۆی هەیە هەمان شت بۆ کوردستانیش ڕاست بێت**

**تاکە ڕێگا ئەوەیە کە سەرەڕای دژایەتی سەرجەم دەوڵەتە دراوسێکان هەوڵی سەربەخۆیی بدەن، ئەمەش کارێکی پڕ لە تەحەددییە و لەوانەشە دەرئەنجامی ئازاربەخشی لێبکەوێتەوە**

**جالییەکی گەورەی کوردی جوولەکە لە ئیسرائیل هەیە کە لە ڕابردوودا کۆچیان بەرەو ئیسرائیل کردووە، ئاشکرایە لە نێو ئەوانەی بە ڕەچەڵەک کوردن پشتیوانی سیاسی بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان هەیە**

**دوای دامەرزاندنی ناوچەی دژەفڕین و دروستبوونی خۆبەڕێوەبەری، هەرێمی کوردستان سەلماندی کە قەوارەیەکی سیاسی کارایە. ئەوەی پەیوەندی بە مافی بڕیاردانی چارەنوسیشەوە هەبێت، ئەوا کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە کورد خاوەنی ناسنامەیەکی بەهێزو پاساوێکی پتەوی هەیە بۆ مومارەسەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس و خەونی نەتەوەیی، کە دەبێت هەموو لایەک ڕێزی لێبگرێت**

*** ئاشکرایە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی پڕ لە کێشەو پشێوییە، بە دیدوتێڕوانینی ئێوە ئەو پەرەسەندنانە چین کە مایەی زۆرترین نیگەرانین لەم ناوچەیەدا؟**

- ڕاستە، ناوچەکە بە ڕۆژگارێکی پڕ لە پشێوی و دژواریدا تێدەپەڕێت، کە پێموایە ئەمەش پاشماوەی جەنگی یەکەمی جیهانییە، کەواتە ئەمە هەلومەرجێکی دژوارە کە دەبینیت سیستمە ئیقلیمییەکە داڕووخاوە بە چەشنێك کە توندوتیژیی بە دوای خۆیدا هێناوە، هەروەها هەندێ دەوڵەت بە تەواوەی داڕووخاون و دوچاری شەڕی ناوخۆیی بوونەتەوە، هەموو شەڕەکانیش بوونەتە شەڕی بەوەکالەت، ئەم گرووپە وەکیلە چەکدارانەش شەڕی ئەو گرووپانەی دیکە دەکەن کە هەر یەکەیان هەڵگری ئەجێندای لایەنێکی دیکەن، کە لە دەرئەنجامدا ئێش و ئازارێکی گەورەی مرۆیی هاتۆتەئاراوە، بۆ نموونە لە عێراق و سووریا و یەمەن. لەلایەکی دیکەوە بە بنبەست گەیشتنێك هەیە لە ناکۆکییەکانی دیکەدا، وەك کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین. کەو ئەو بارودۆخەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئارادایە مایەی نیگەرانییەکی قووڵە. ئەگەرچی هەندێ بەرەوپێشچوونیش هەیە، بۆ نموونە لە ئێستادا داعش لە دۆخی بەرگریدایەو خاك لەدەست دەدات، کە دەکرێت ئەمە وەك هەندێ ئاماژەی بەرەوپێشچوون لێکبدرێتەوە. هەروەها شەڕی سووریاش هێندە سەخت نییە لە ئێستادا بە بەراورد بە ساڵێك پێشتر، ئەگەرچی هەر هەوڵێکی سەقامگیری لە سایەی ڕژێمی ئێستای سووریادا مایەی دڵنیایی نییە.

*** ئەی پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە کوێی ئەو پەرەسەندنانەدا دەبینیتەوە؟**

- سەرەتا با ئەوە روون بێت کە بواری تایبەتمەندی من ناکۆکیی ئیسرائیل-فەلەستینە. ئەوەی من بەدی دەکەم ئەوەیە کە زۆرێك لە پەرەسەندنەکان و ناسەقامگیرییەکان کە دەرئەنجامی سلبییان هەبوو، دەرفەتی ئەوەیان خوڵقاندووە بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کوردی، بە تایبەتی لە عێراق و تا ڕادەیەکیش لە سووریا، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە کاراکتەرێکی سیاسیی بە توانا و یەکگرتوون کە دەتوانن سیستمی حوکمڕانی و بەرگری دابمەزرێنن و هەندێ لە دامەزراوەکان بنیاد بنێن کە پەرەپێدانی ئابووری لێبکەوێتەوە. هەرچەندە دەبێت زۆر وریا بن لە بارەی دەستەواژەی دورگەی سەقامگیرییەوە، چونکە بۆی هەیە ئەوە بە خێرایی بگۆڕێت. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دوای دامەرزاندنی ناوچەی دژەفڕین و دروستبوونی خۆبەڕێوەبەری، هەرێمی کوردستان سەلماندی کە قەوارەیەکی سیاسی کارایە.

ئەوەی پەیوەندی بە مافی بڕیاردانی چارەنوسیشەوە هەبێت، ئەوا کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە کورد خاوەنی ناسنامەیەکی بەهێزو پاساوێکی پتەوی هەیە بۆ مومارەسەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس و خەونی نەتەوەیی، کە دەبێت هەموو لایەك ڕێزی لێبگرێت و لەبەرچاوی بگرێت، بە دڵنیاییەوە من باوەڕم وایە بوونی قەوارەیەکی سیاسیی کوردی دانپێدانراو کە نوێنەرایەتی ناسنامەکەیان بکات و بە چەشنی نەتەوەکانی دیکە مومارەسە سەروەریی خۆیان بکات لە رووی سیاسییەوە، لە مەودای دووردا لە بەرژەوەندی تەواوی ناوچەکەدایە. بەڵام بە دڵنیاییەوە کێشەی سنووریش لە ئارادایە، کە کورد بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش بووە، ئەمانەش کێشەگەلێکی ئاڵۆزن و هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ئەمریکا پشتیوانی سەربەخۆیی تەواوی کورد ناکات، چونکە نیگەرانە لەبارەی دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەکان و.. هتد. بەڵام لەسەر ئاستی مرۆیی نابێت کەس گومان لە ڕاستی و دروستیی بانگەشەی کورد بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس و کارایی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بکات. ئەوەی پەیوەندی بە ریفراندۆمەکەشەوە هەبێت، ئەوا بە چەشنی هەر هەنگاوێکی دیکە لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، ئەوا ئەگەری ئەوەی هەیە دەرئەنجامی ئیجابی و هەروەها سلبیشی لێبکەوێتەوە، واتە دەبێت چاوەڕوانی هەردوو دەرئەنجامەکە بکەین. ئەگەرچی دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٧دا دەبێت ڕووداوێکی گەورە بێت. لەلایەکی دیکەوە دەکرێت ئەمە هەڵێکی مێژووییش بێت بۆ گەیاندنی پەیامی خۆتان، کە بە دڵنیاییەوە من لەوە تێدەگەم کە بۆچی پاڵنەرێکی بەهێز هەیە بۆ هەڵگرتنی ئەم هەنگاوە.

*** کەواتە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان بە پەرەسەندنێکی ئەرێنی لە ناوچەکەدا لە قەڵەم دەدەیت؟**

- من کەسێکی ئەکادیمیم و ناتوانم بڵێم پەرەسەندنێکی ئیجابی، یان سلبییە بە تەنیا، چونکە بۆی هەیە هەر دوو دەرئەنجامەکەی لێبکەوێتەوە، هەرچەندە ئێمەش ناتوانین سەرجەم ئاکامەکانی بزانین. واتە دەکرێت لەلایەك دەوڵەتێك بێت کە لە رووی سیاسییەوە بەرجەستەکەری سەروەری بێت بۆ ناسنامەی گەلی کوردستان، کە دەکرێت لەو رووەوە بە دادپەروەرییەکی مێژوویی لێکبدرێتەوە بۆ گەلی کوردستان. لەلایەکی دیکەوە من دڵنیام ئەم دەوڵەتە دووچاری ئەو ناکۆکییانەی ناوچەکە دەبێت و دەوڵەتێك دەبێت کەلەلایەن سەرجەم دەوڵەتە دراوسێکانەوە پێشوازی لێناکرێت و ئەمەش بۆی هەیە دۆخێکی دژوار بخوڵقێنێت.

*** باست لەوە کرد کە دەوڵەتە دراوسێکان**

**پێشوازی لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان ناکەن، بەڵام لە ئیسرائیلدا هەڵوێستێکی پێچەوانە هەیەو بە ئاشکرا گوزارشت لە پاڵپشتی خۆیان دەکەن بۆ دروستبوونی ئەم دەوڵەتە، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ڕەنگە سێ هۆکار بۆ ئەم پشتیوانییەی ئیسرائیل لەئارادا بێت، یەکەمیان لە ڕووی سیاسەتی دەرەوە، ئیسرائیل دروستبوونی ئەم دەوڵەتە بە بەرژەوەندی خۆی دەزانێت، ڕەنگە لەو ڕووەوە بێت کە ببێتە هۆی ئاڵۆزکردنی هەوڵەکانی ئێران، کە ئێرانیش نیگەرانی سەرەکی و ستراتیژییە بۆ ئیسرائیل. کەواتە ڕەنگە لەو ڕووەوە ئەمە بە پەرەسەندنێکی ئیجابی و بە بەرژەوەندی خۆیان بزانن. هۆکاری دووەم بوونی جالییەکی گەورەی کوردیی جولەکەیە لە ئیسرائیل کە لە ڕابردوودا کۆچیان بەرەو ئیسرائیل کردووە، کە ئاشکرایە لە نێو ئەوانەی بە ڕەچەڵەک کوردن پشتیوانی سیاسی بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان هەیە، واتە ڕەنگە ئەمە ستراتیژییەتێکی سیاسی دروست بکات کە نەتانیاهۆ بیگرێتەبەر بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی کوردی جولەکەی وڵاتەکەی لە ڕێی پشتیوانیکردنی لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردییەوە. هۆکاری سێیەم ئەوەیە کە ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی وا دەربکەوێت ئیسرائیل لەگەڵ گەلانی بێدەوڵەتدایە کە دابەشکراون بەسەر وڵاتانی دیکەداو هەوڵی ئەوە دەدەن کە ببنە خاوەنی سەروەری.

*** ئاشکرایە هەر لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییەوە ئیسرائیل دووچاری شەڕی مان و نەمان بۆوە کە تا ئێستاش هەڕەشە و مەترسی لەسەر هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە کورد دەتوانێت لە ئەزموونی ئیسرائیلەوە چ وانەیەک فێربێت؟**

- دوو وانە هەیە لەم ڕووەوە، یەکەمیان بەدەستهێنانی سەروەری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باجێکی بەرچاوی دەوێت، خۆ ئەگەر بێتو زەمینەی ئەوە لەئارادا بێت کە بتوانیت بە ڕەزامەندی، یان پاڵپشتی هەندێ لە دەوڵەتە دراوسێکانت سەروەری بەدەست بهێنیت، ئەوا زۆر باشترە لەوەی کە هەموان دژایەتیت بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ هەلومەرجی مێژوویی هەیە کە ئەوە مومکین نابێت، ئەمە بۆ ئیسرائیل نەڕەخسا و ڕەنگە بۆ کوردیش نەڕەخسێت. واتە تاکە ڕێگا ئەوەیە کە سەرەڕای دژایەتی سەرجەم دەوڵەتە دراوسێکان هەوڵی سەربەخۆیی بدەن، ئەمەش کارێکی پڕ لە تەحەددییە و لەوانەشە دەرئەنجامی ئازاربەخشی لێبکەوێتەوە. کەواتە جێی داخە کە هەر کاتێک ئەم دەوڵەتە دروست بوو ئەوا دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەین کە پشکی خۆی هەبێت لە کێشە و ئاڵۆزکی. هەرچەندە ئومێدەکە ئەوەیە کە بارگرژی بێت نەک توندوتیژی، بەڵام واقیعی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێمان دەڵێت ئەمە هەمیشە ئەگەرێکە و لەئارادایە. بەڵام سەرەڕای ئەوەی ئەمە ئەرکێکی قورس و ئاڵۆزە، بەڵام مومکینە و دەکرێت ئەنجام بدرێت، ئیسرائیل سەرەڕای دژوارییەکان، لە بنیادنانی دەوڵەتێکی بەهێزدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بۆیە هەیە هەمان شت بۆ کوردستانیش ڕاست بێت. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ئیسرائیل نەیدەتوانی بەرگە بگرێت ئەگەر لە سەرەتادا پشتیوانی فەرەنسا و دواتر ئەمریکا نەبوایە، کەواتە پشتیوانیی هێزێکی ئیقلیمی، یان هێزێکی مەزن، یان جیهانی گرنگییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە، لە حاڵەتی کوردستانیشدا ئەگەر ئەم هەنگاوە پشتیوانی تورکیای لەگەڵدا بێت، ئەوا زۆر باش دەبێت.

*** پێتوایە هەڵوێستی ئەمریکا چی دەبێت و ئایا لە ئێستادا ئەمریکا ستراتیژیەتێکی دیاریکراوی هەیە لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕوانگەی ئەو ستراتیژیەتەوە هەڵسەنگاندن و پشبینی هەڵوێستی ئەمریکا بکەیت؟**

- لە ڕاستیدا من ستراتیژیەتێکی ڕوون بەدی ناکەم لەلایەن ئەمریکاوە، پێموایە زۆرێک لەو کارانەی سەرۆکی ئەمریکا ئەنجامی داون بۆ ئامانجی سیاسی ناوخۆیی بوون، ئاشکرایە ئەمریکاش ڕایگەیاندووە کە پشتیوانیی سەربەخۆیی ناکات و بە دڵنیاییەوە پشتیوانییەکی ئاشکرای ناکات، هەرچەندە ناکرێت بڵێین ئەمریکا لە ڕووی سەربازییەوە بەرهەڵستی دەکات. ئەوەش ڕاستە کە ئەمریکا و ئیسرائیل هاوپەیمانن، بەڵام بە دڵنیاییەوە لەم ساڵانەی دواییدا دیدی جیاوازیان هەبووە بۆ ئەو سیاسەتەی پێیانوابوو پێویستە لە ئاست ناوچەکەدا بگیرێتەبەر.

*** دوایین پرسیارەمان لەبارەی پێشبینیەکانتانەوەیە بۆ ئایندەی ناوچەکە، لەو بارەیەوە چ ڕوانگەیەکتان هەیە؟**

- پێموایە باشترین سیناریۆ ئەوەیە کە زۆرێک لە کێشەکانی ناوچەکە بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێن و چوارچێوەیەکی ئیقلیمی بێتەئاراوە کە تەرکیز لەسەر هاوکاری و گەشەپێدان بکاتەوە و وەك بەرژەوەندی هاوبەش لە سیاسەتی بڕوانێت، هەرچەندە بە دڵنیاییەوە پێموانییە ئەمە لە ئایندەی نزیکدا بێتەئاراوە. ئێمە دەزانین کە ئەورووپا لە نێو داروپەردوی دوو جەنگی جیهانییەوە هەڵسایەوە، کە زیاتر جەنگێکی ئەورووپی بوون و دواتر جیهانی گرتەوە، ڕەنگە ئەو کارەستانەی بەم چەند ساڵە کەمەی دوایی ڕوویاندا، ببنە هۆی ئەوەی وڵاتانی ناوچەکە ڕێگاچارەیەکی بنیادنەر بگرنەبەر.

**زۆرێک لە پەرەسەندنەکان و ناسەقامگیرییەکان کە دەرئەنجامی سلبییان هەبوو، دەرفەتی ئەوەیان خوڵقاندووە بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کوردی، بەتایبەتی لە عێراق و تا ڕادەیەکیش لە سووریا، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە کاراکتەرێکی سیاسیی بە توانا و یەکگرتوون کە دەتوانن سیستمی حوکمڕانی و بەرگری دابمەزرێنن و هەندێ لە دامەزراوەکان بنیاد بنێن کە پەرەپێدانی ئابووری لێبکەوێتەوە**

**داعش لە دۆخی بەرگریدایەو خاک لەدەست دەدات، کە دەکرێت ئەمە وەک هەندێ ئاماژەی بەرەوپێشچوون لێکبدرێتەوە. هەروەها شەڕی سووریاش هێندە سەخت نییە لە ئێستادا بە بەراورد بە ساڵێک پێشتر، ئەگەرچی هەر هەوڵێکی سەقامگیری لە سایەی ڕژێمی ئێستای سووریادا مایەی دڵنیایی نییە**

**هەندێ دەوڵەت بە تەواوەی داڕووخاون و دوچاری شەڕی ناوخۆیی بوونەتەوە، هەموو شەڕەکانیش بوونەتە شەڕی بەوەکالەت، ئەم گرووپە وەکیلە چەکدارانەش شەڕی ئەو گرووپانەی دیکە دەکەن کە هەر یەکەیان هەڵگری ئەجێندای لایەنێکی دیکەن**



پەرلەمانتار شێخ شامۆ

ئەندامی شاندی باڵای ریفراندۆم و سەرۆکی دەستەی باڵای بنکەی لالش بۆ گوڵان:

# دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان کلیلی چارەسەرکردنی نەهامەتی و مەینەتییەکانی ئێمەیە

# سەربەخۆیی کوردستان بۆ کوردی ئێزیدی دووجار سەربەخۆییە، جارێک وەک ئایین و جارێکیش وەک نەتەوە

**ئاشکرایە گەلی کوردستان بە سەرجەم پێکهاتەکانیەوە لەسەر دەستی حکومەتەکانی عێراق دووچاری ستەم و ناڕەوایەتی بۆتەوە، ئێزیدییەکانیش مێژوویەکی پڕ لە تراژیدیا و مەرگەساتیان هەیە، لە ئێستاشدا ئەو قەناعەتە لای ئێزیدییەکان دروست بووە کە دەتوانن لە چوارچێوەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا بپارێزرێن و مافەکانیان دەستەبەر بکرێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پەرلەمانتار شێخ شامۆ ئەندامی شاندی باڵای ریفراندۆم و سەرۆکی دەستەی باڵای بنکەی لالش کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** هەموو پێکهاتەکانی کوردستانی لەم قۆناغە گرنگەی کوردستاندا پاڵپشتی و پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، ئایا بۆ ئێوە وەکو کوردانی ئێزیدی تا چەند گرنگە دەوڵەتی کوردستان رابگەیەندرێت؟**

- مێژووی کورد بەگشتی و کوردی ئێزیدی بەتایبەتی شاهێدی ئەو تراژیدیا پڕ لە مەرگەسات و ئازارە گەورەیە بووە کە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا دووچاری بووین. کەواتە سەربەخۆیی کورستان بۆ کوردی ئێزیدی دوو جار سەربەخۆییە، جارێك وەك ئایین و جارێکیش وەك نەتەوەکە. ئەمە بۆتە دروشمێك و خەڵکی ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە بیردەکەنەوە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە گرنگیی سەربەخۆیی بۆ ئێمە چەندە. چونکە لەگەڵ سەربەخۆییدا، یەکڕیزی جڤاکی و یەکپارچەیی خاکی ئێزیدییان دێتەپاراستن، هەروەها ئەمە دەبێتەهۆی تەواوکردنی سەنگ و سەربەخۆیی ئێزیدییەکان. لەلایەکی ترەوە سەربەخۆیی کوردستان زامنی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی کوردانی ئێزیدییە، چونکە تا ئێستا تەنیا ١٠٪ی شنگال لەسەر کوردستانەو ٩٠٪ی سەر بە پارێزگای موسڵە.

*** چۆن لە رۆڵی سەرۆك بارزانی دەڕوانیت لەم پرسەدا؟**

- ئێزیدییەکان لە ٢٦ ساڵی ئەزموونی رابردووی دەڤەری ئازادکراوەکانی ئێزیدی و ٤ ساڵی ئازادکردنی دەڤەری نوێی کوردانی ئێزیدی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە سەرۆك بارزانی خاوەنی دۆزی ئێزیدییەکانە لە رووی سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانییەوە. لە مێژووی پڕ لە تراژیدیای ئێزیدییەکان چەندەها کۆمەڵکوژییان بەسەردا هاتووە، بەڵام لەو مێژووەدا هیچ سەرۆکێك شەڕی بۆ ئێمە نەکردووە و بە هانای ئێمەوە نەهاتووەو نەچۆتە پێشەوەی سەنگەر لەگەڵ پێشمەرگەدا بۆ رزگارکردنی خاکی ئێزیدی، بەڵام کاتێك سەرۆك بارزانی ئەم کارە دەکات، ئەوا ئەمە دەیسەلمێنێت کە خودی سەرۆك خۆی مایەی دڵنیایی و پشتڕاستکردنەوەیە بۆ ئەوەی ئێزیدییەکان ئایندەیەگی گەشیان هەبێت، کەواتە ئەوە بۆتە مەسەلەیەك کە گرێدراوی سایکۆلۆژیەتی ئێزیدییەکانە و پێیانوایە بە بێ بارزانی ژیانی ئەوان لە مەترسیدایە. تەنانەت ئەمە تێڕوانینی پێکهاتەکانی دیکەشە، چونکە ماف و ئازادیی پێکهاتەکان لە ناخی ئەودا بەرجەستەن. هەروەها دەستەبەرکردنی ماف و ئازادیی پێکهاتەکانی دیکە و هێنانەدی پێکەوەژیان نەك لە ئێستادا، بەڵکو لەسەردەمی باوکی سەرۆکیشدا لەئارادا بوو، واتە لە سایەی

**کوردانی ئێزیدی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە سەرۆک بارزانی خاوەنی دۆزی ئێزیدییەکانە لە رووی سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانییەوە**

**نەک تەنیا کوردی ئێزیدی، بەڵکو هەموو پێکهاتەکانی تری دەشتی نەینەوا بە پێکهاتەی عەرەبییشەوە بەدیلی کوردستانیان نییە، لەبەر ئەوەی بۆ ئەوان کوردستان پێگەیەکی ئارام و نەوای دڵنیاییە**

**ماوەی سێ ساڵە شنگال و تەواوی دەڤەرەکە ئازاد کراوە، حکومەتی عێراق هیچ کارو پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریی جێبەجێ ناکات، لەکاتێکدا گیارەو شرگات ئازاد کرا راستەوخۆ عێراق پرۆژەو خزمەتگوزارییەکانی گەڕاندەوە**

دادپەروەریی بارزانیی نەمردا پێکهاتەکان، لە نێویاندا ئێزیدییەکان ئاسوودە بوون و لەو کاتەدا گیانی خۆبەختکردن بۆ خاک و گیانی پێکەوەژیان بەهێز و پتەو بوو، ئێستاش ئاڵاهەڵگری ئەو پێکەوەژیانە سەرۆک بارزانی-یە و بەرگری و بەرڤانی لە هەموو پێکهاتەکان دەکات و ئەوەی سەرۆک بارزانی بۆ ئێزیدی کردووە، لە مێژوودا هیچ کەسێکی دیکە نەیکردووە. کێ شنگالی لە دەستی داعشی درندە رزگارکرد؟ بێگومان سەرۆک بارزانی و پێشمەرگە قارەمانەکان بوون. ئەی کێ بوو دیلەکانی ئێزیدی لە دەستی داعش رزگار کرد؟ بێگومان ئەویش سەرۆکی حکومەت نێچیرڤان بارزانی بوو کە کاری بۆ کرد و باوەشی بۆ ئێزیدییەکان دەکردەوە پێشوازی لێدەکردن، ئەگەر کوردستانی ئازاد و خەڵکی شەرفمەندی کوردستان نەبووایە کە خاوەنی هۆشیاری نەتەوەییە و لەم رووەوە بە ئەرکی ئەخلاقیی خۆی هەستا، کارەساتی گەورەتریش رووی دەدا، بۆیە ئێزیدییەکان گەیشتوونەتە قەناعەت کە کوردستان و جەنابی سەرۆک بەدیلیان نییە.

*** سەرۆک بارزانی لە دواکۆبوونەوەیدا لەگەڵ دانیشتووانی دەشتی نەینەوا باسی لەوە کرد کە چارەنووسی دەشتی نەینەوا خەڵکەکەی دیاری دەکات؛ دید و تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- پەیامی سەرۆک بارزانی لەپرسی سەربەخۆییدا بۆ پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی دەشتی نەتەوا ئەوەیە: ئێوە ئازادن لەگەڵی دەبن یان نا. ئەگەر لەگەڵ سەربەخۆییدا بوون، ئەوا سەرجەم ماف و ئازادییەکانتان لە دەستووردا دەچەسپێندرێت و دەپارێزرێت. بۆیە بە دڵنیاییەوە نەک تەنیا کوردی ئێزیدی، بەڵکو هەموو پێکهاتەکانی تری دەشتی نەینەوا بە پێکهاتەی عەرەبیشەوە بەدیلی کوردستانیان نییە، لەبەر ئەوەی بۆ ئەوان کوردستان پێگەیەکی ئارام و نەوای دڵنیاییە.

*** ئایا لە حاڵەتی سەربەخۆیی کوردستاندا بە چ شێوەیەك دەبێت مافی ئێزیدییەکان لە دەستووردا بچەسپێندرێت؟**

ئێستاکە متمانەو باوەڕێکی گەورە لەنێوان کوردانی ئێزیدی و سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان هەیە، کە ئێستا نە دەوڵەت هەیە نە دەستووریش، سەرەڕای ئەوەش جەنابی سەرۆك لە ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆمدا پێشنیاری کرد بەڵگەیەك/ یا دیکۆمێنتێك لەنێوان سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و پێکهاتە کوردستانییەکان واژوو بکرێت، تاوەکو لەکوردستانێکی ئازاددا گەرەنتی مافێکی زیاتر بەپێی داخوازی و تایبەتمەندێتی ئەو پێکهاتانە هەبێت، هەر یەکێکیش لەو پێکهاتانە داواکاری و مافی خۆی پێشکەشی لێژنەی تایبەتی شاندی باڵای ریفراندۆم کردو بڕیارە ئەو بەڵگەنامەیە، یان لەلای سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان، یاخود لەلای پەرلەمانی کوردستان بەشێوەی بەڵگەنامەیەکی یەکگرتوو بۆ هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان پەسەند بکرێت. ئەمەش دەستپێکی دروستکردنی متمانەیە لە نێوان کوردستان و پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە، بۆ نموونە شنگال لە رووی ئیدارییەوە سەربەخۆ دەبێت، ئیدی ببێتە پارێزگا، یان هەرێمێك، واتە خۆی کاروبارەکانی خۆی لە رووی رۆشنبیری و جڤاکی و رووەکانی دیکەوە بەڕێوە دەبات و دامەزراوەکان بە دەست ئێزیدییەکان خۆیانەوە دەبێت، ئەمە بۆ پێکهاتەکانی دیکەش راست دەبێت.

*** کەواتە لەگەڵ کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان؛ ئێوە تا چەند بوونی یەکریزی و تەبایی لە نێو گەلی کوردستاندا بە گرنگ دەزانن؟**

- کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان هەنگاوێکی لە جێی خۆی بوو، چونکە ئەوە ئەرکێکی نیشتمانی سەرکردایەتی سیاسی و جەنابی سەرۆك بوو، گرنگییەکەشی لەوەدا بوو کە ئەم دەزگایە زۆر گرنگ بوو کە کارا کرایەوەو دواتریش پەرلەمان پێشوازی لە بڕیاری ریفراندۆم کردو پەسەندی کرد و کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی راسپارد کە ئامادەکاری بکەن بۆ ریفراندۆم.

*** لەقۆناغی داهاتوودا لەدوای پرۆسەی ریفراندۆم و دەنگدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئێوە داواکاریتان چییە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی دەشتی نەینەوا؟**



- ئێمە جارێ داواکارین چارەنووسی ئەم ناوچانەمان بۆ یەکلا بکرێتەوەو دواتر داخوازیی ترمان دەبێت، ئێمە لەو بەڵگەنامەیەی پێشکەشی لیژنەی باڵای ریفراندۆم و سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانمان کردووە، باسمان لە چۆنیەتی ئاوەدانکردنەوەو قەرەبووکردنەوەی دەڤەرەکەمان کردووە، ئەوەش ئەرکێکی ئاسایی و سروشتی حکومەتی کوردستانە کە هاوکاریی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت بۆ ئاوادەنکردنەوە و گەڕاندنەوەی ژیان بۆ ئەو ناوچانە دوای ئەوەی کە چارەنووسیان یەکلاکرایەوە.

*** ئایا تا چەند حکومەتی عێراقی ناوچەکانی ئێوەی فەرامۆش کردووەو بەرامبەر کەیسی ئێوە خەمسارد بووە؟**

- لە راستیدا هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە کوردانی ئێزیدی خۆشی لەم وڵاتە نەبینیوە، کە ئێستا ئەوە ١٠٠ ساڵ تێپەڕیوە، شنگال کە بڕبڕە و پشتی ناوچەی ئێزیدییەکانە و لە دوای ئەوە دەبێتە قەزا و تا ساڵی ٢٠٠٣، ٤٦ قایمقامی هەبوو کە هیچیان نە کورد بوون، نە خەڵکی شنگال بوون، بەپێچەوانەی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە و دوای ئەوەی ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە شنگال جێبەجێ کرا، ئەوا تا ئێستا شەنگال سێ قایمقامی هەبووە، کە هەرسێکیان خەڵکی شنگال و کوردی ئێزیدی بوون. ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی زیندووە کە عێراق چۆن لە ئێزیدی دەڕوانێت، لە ناو پەرلەمانی عێراقیش مافی ئێزیدی پێشێلکراوە، لە دەستپێکی پەرلەمانی عێراقدا کوردی ئێزیدی تەنیا ١ کورسیی کۆتای پێ درا، بەڵام لەناو هاوپەیمانی کوردستانی ٦ کورسیمان پێدرا لەناو پەرلەمانی عێراق، هەروەها لەناو لیستی هاوپەیمانی نەینەواش لە کۆی ١٢ کورسی ٨ کورسی درا بە کوردی ئێزیدی. کەواتە ئەمە بەڵگەی ئەوە بوو کە لە عێراقدا ستەم لە ئێزیدی کرا، لە کاتێکدا رێگە نەدرا لە کوردستان ئەم ستەمە لە ئێزیدی بکرێت. لەلایەکی ترەوە پێش کارەساتەکەی شنگال و دواتریش سەرجەم دەڤەری کوردانی ئێزیدی پەراوێزخراوەو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان تێیدا لە ئاستێکی زۆر نزمدا بوو، ماوەی سێ ساڵە شنگال و تەواوی دەڤەرەکە ئازاد کراوە، حکومەتی عێراق هیچ کارو پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریی جێبەجێ ناکات، لەکاتێکدا گیارەو شرگات ئازاد کرا راستەوخۆ عێراق پرۆژەو خزمەتگوزارییەکانی گەڕاندەوە. هەروەها لە کەیسی ژینۆسایدی کوردانی ئێزیدی و رفاندنی ئێزیدیش هیچ هەڵوێست و هەنگاوێکی پراکتیکی نەناوە، راستە عێراق ئەندام نییە لە دادگای لاهای نێودەوڵەتی، بەڵام رێگاش نادات بەو دادگایە کە لێکۆڵینەوە لەو کەیسە بکات، کوردستان لیژنەیەکی بلندی ژینۆسایدی دامەزراندووە، بەڵام لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی عێراق سەروەریی هەر ماوە، ئەمەش کێشەیەکی مەزنە. هەر بۆیە دەڵێین ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هاتەئاراوە، ئەوا ئەمە دەبێتە کلیلی چارەسەری هەموو ئێش و ئازار و مەینەتی و نەهامەتییەکان.



مەلا هیوا شێخ تاهیر
وتارخوێن و پێشنوێژی مزگەوتی حاجی سەعید لە سلێمانی بۆ گوڵان:

# پێداگیریی جەنابی سەرۆک لەسەر پرسی سەربەخۆیی مایەی دڵگەرمیمانەو هەمووشمان لەگەڵیداین

**چەند زوو لە عێراق جیاببینەوە هێشتا درەنگەو ئەوەش مافی رەوای خۆمانە**

**پرسی سەربەخۆیی و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان بۆ دانیشتووانی ناوچە کوردستانییەکان گرنگییەکی لە رادەبەدەری هەیە، چونکە زامنی گەڕانەوەیانە بۆ سەر کوردستان و لابردنی ئەو زوڵم و غەدرەیە کە چەندین ساڵە لە کوردستانییانی ئەو ناوچانە دەکرێت، هەربۆیە سەرەڕای فشارەکانیش سەرۆك بارزانی پێداگیری کرد کە دەبێت ئەم ناوچانەش بەشدار بن لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسەو چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، دیمانەیەکمان ئەنجامدا لەگەڵ مەلا هیوا شێخ تاهیر خاوەنی بڕوانامە دکتۆرا لە زانستی خوێندنەوەی قورئان و وتارخوێن و پێشنوێژی مزگەوتی حاجی سەعید لە سلێمانی و سەرپەرشتیاری مزگەوتی حاجی ئیبراهیم لە خورماتوو، بەمجۆرەش وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** هەروەکو چۆن مامۆستایانی ئایینی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان رۆڵی جوامێرانەتان هەبوو، لەپرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانیشدا سەلماندتان کە سەربەخۆیی مافێکی ئایینی و شەرعی و نەتەوەیی گەلی کوردستانە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئێوە وەکو مامۆستایانی ئایینی چۆن دەڕواننە گرنگیی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی؟**

- پرسی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان پرسێکی نەتەوەیی و چارەنووسسازە بۆ گەلی کوردو کوردستانییەکان، لەمێژووشدا کەم دەرفەتی وا هاتۆتەپێش، هەربۆیە نابێت گەلی کوردستان ئەم هەلە مێژووییە لەدەست بدات، چونکە ئێمە لە وڵاتێك دەژین دەوروبەرمان هەر هەمووی دوژمنە، عەرەبی سوننەو شیعەکانی عێراقیش هەتا بۆیان بکرێت عەرەبچییەتیمان لەگەڵ دەکەن، واتا عەرەبی عێراق بە شیعە و سوننەوە لەکاتێکدا بێدەسەڵات بوون، دێنەلامان و داوای یارمەتی و هاوکاری و پێکەوەژیانمان لێ دەکەن، لەهەر کاتێکیش دەسەڵاتیان هەبوو، دەبنە دوژمنی سەرسەخت و هەرچی خراپەکاری و دوژمنایەتییە بەرامبەرمان ئەنجامی دەدەن و نکۆڵی لە مافی رەوای گەلی کورد دەکەن. بۆ نموونە ئەگەر شەڕی سوننە و شیعە بێت، سوننەکان دێن و پێمان دەڵێن ئێمەش سوننەین وەك ئێوە، بەڵام لە مەسەلە نەتەوایەتییەکانی خۆیاندا پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەوان عەرەبن و لە کورد جیاوازن، بە هەمان شێوە کاتێکیش دەسەڵات بە دەست سوننەوە بێت، شیعە دێن و پێمان دەڵێن ئێمەش وەك ئێوە ستەممان لێدەکرێت، بەڵام کاتێك دەسەڵات دەگرنەدەست، نکۆڵی لە مافەکانمان دەکەن. هەر لەبەر ئەمەشە کە سەربەخۆبوونی کوردستان هەنگاوێکی پێویستە، چونکە ئێمە ناتوانین جارێکی دیکە لەگەڵ ئەواندا بژین.

*** وەکو مامۆستایەکی ئایینی کە شارەزای پێکهاتەکانی دەڤەری خورماتووی، پێتوایە بۆچی ویستی مەزهەبی و قەومچێتی عەرەبی دژ بەکورد لەم ناوچەیە دروست دەکرێت؟ ئایا پێتوایە دوژمنانی کوردستان لە هەوڵی نانەوەی فیتنەو دووبەرەکین تاوەکو کەلێن و درزێك بدۆزنەوە و پێیدا بێنە ناو کوردستان و زیان بەخەڵکی بگەیەنن؟**

- وەکو خانەوادەکەمان لە خورماتوو پەیوەندی کۆمەڵایەتی باشمان لەگەڵ هەموو پێکهاتەکان هەیە، بە بەردەوامیش لە مزگەوت و لە بۆنە ئایینی و پرسە و خۆشی و ناخۆشی یەکتردا هاتوچوومان هەیەو بەشداری خەم و شادیی یەکتر دەکەین بەڵام دوژمنەکانی کوردستان و حزب و گروپە چەکدارەکانی مەزهەبی پێیان خۆش نییە ئەو پەیوەندییە بەردەوام بێت و بەبەردەوام لەم ناوچانە کێشەو گرفت دروست

**ئێمە لە وڵاتێک دەژین دەوروبەرمان هەر هەمووی دوژمنە، عەرەبی سوننەو شیعەکانی عێراقیش هەتا بۆیان بکرێت عەرەبچییەتیمان لەگەڵ دەکەن**

**عەرەبی عێراق بە شیعە و سوننەوە لەکاتێکدا بێدەسەڵات بوون، دێنەلامان و داوای یارمەتی و هاوکاری و پێکەوەژیانمان لێ دەکەن، لەهەر کاتێکیش دەسەڵاتیان هەبوو، دەبنە دوژمنی سەرسەخت و هەرچی خراپەکاری و دوژمنایەتییە بەرامبەرمان ئەنجامی دەدەن و نکۆڵی لە مافی رەوای گەلی کورد دەکەن**

دەکەن، هەربۆیە دڵنیام ئێمە وەکو کورد ناتوانین چیتر لەگەڵ عەرەب و لەگەڵ عێراق بژین، لەلایەکی تر لەکاتێکدا کە لێیان دەقەومێت، یاخود وەکو شیعە و سوننەی عێراق شەڕیان دەبێت، هانا بۆ کوردستان دەهێنن، کەچی کاتێك گوێبیستی داوایەکی رەوای نەتەوەی کورد دەبن، هەمووان دژی گەلی موسڵمانی کورد دەبنە یەك و دوژمنایەتی دەکەن. ئەم هەڵویستانەی شیعە و سوننە لەمێژوودا چەندین جار دووبارە بۆتەوە، بۆیە ئێستا دەبێت وانە لەمێژوو وەربگرین، لەگەڵ عێراق چۆن پێکەوە لکێنراین، ئاواش دەبێت جیا ببینەوە. ئێمە بەتایبەتی خەڵکی خورماتوو و کەرکووك و ئەو شوێنانەی کە لە سنووری عێراق نزیکین، زۆرتر و باشتر هەست بەو غەدر و زوڵمە دەکەین کە بە درێژایی مێژوو عەرەب بە سوننەو شیعەوە کە دەسەڵاتدار بوون لەئێمەی کورد و کوردستانییان کردووە، بۆیە دووبارە دەڵێم ئێمە ناتوانین لەگەڵیان چیتر بژین. لێرەدا نموونەیەك باس دەکەم، لە خورماتوو کورد و عەرەب و تورکمان چەندەها ساڵە بەیەکەوە دەژین و پەیوەندییەکانمان وەکو باسمکرد باش بووە، بەڵام ئێستا تورکمان و عەرەبە شیعە مەزهەبەکان یەکتریان گرتووەو دوژمنایەتی کورد دەکەن و لەهەر شوێن و کاتێکدا بۆیان بگونجێت، پەلاماری کوردەکان دەدەن، ئەگەر کوردێك لە خورماتوو بیەوێت رەگەزنامە بۆ منداڵێکی دەر بهێنێت کە فەرمانگەکە دەکەوێتە نزیك گەڕەکی تورکمانە شیعەکان، ناتوانێت بچێت، چونکە بۆی هەیە تەقەی لێبکەن و هەوڵبدەن بیکوژن، یان بیرفێنن و لەبری ئازادکردنی داوای پارەیەکی زۆر بکەن، لەبەر ئەوە چەند زووتر لە عێراق جیا ببینەوە هێشتا درەنگە.

*** ڕاو و بۆچونتان چییە لەسەر ئەو کەسانەی کە لەگەڵ پرسی سەربەخۆیی کوردستاندا نین؟**

- من سەیرم پێ دێت کە دەبینم لە راگەیاندنەکان هەندێ کەس هانی خەڵك دەدەن بۆ دژایەتیکردنی ئەم پرسە نەتەوایەتییە، بەو کەس و گرووپانەم گوتووە: ئەگەر ئێوە غیرەت و شەهامەتان تێدایە و دڵسۆزیتان بۆ تاکی ئەو کۆمەڵگایەی کوردستان هەیە، تەنیا سێ رۆژ وەرنە کەرکووك و خورماتوو و قەرەتەپەو مەندەلی و ئەو شوێن و ناوچە دابڕێندراوانەی کوردستان بژین، ئەو کاتە نەك، جارێك بەڵکو دەیان جار پشتیوانی لە جیابوونەوەو سەربەخۆیی کوردستان دەکەن. لەبەر ئەوەی ئەوەندە زوڵم و ستەم و زەلیلی دەبینن بەدەست عەرەبەوە. من سەیرم پێ دێت کە خەڵك لە کوردستان دەڵێن مووچە و کارەبا باش نییە، لەو شوێنانەی ئاماژەمان پێدا ناتوانین بە کوردی قسە بکەین و مافی ئەوەمان نییە جلی کوردی لەبەر بکەین و تەنانەت مافی ئەوەت نییە بچیتە بازاڕ، ئێستا لە خورماتوو بازاڕ جیاکراوەتەوە عەرەب و تورکمان بازاڕێکیان هەیە و کوردیش بازاڕێکی تری کردۆتەوە، ئەگەر تۆ لەشارەکەی خۆت نەتوانی بچیت کیلۆیەك تەماتە بکڕیت، ئەوە چۆن دەتوانی لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان نەبیت. ئەوانەی کە دژی سەربەخۆیین نەهامەتی دەربەدەری و زوڵمی عەرەب و حکومەتی عێراقیان نەدیتووە، بەڵکو هاتوونەتە سەر سفرەی حازر و دەستی دەرەکییان لەپشتە و شەهامەتی ژیانی شاخ و پێشمەرگایەتییان نەبووە. لەبەر ئەوە من پێموایە ئەم هەوڵانە لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەدایە کە پێی دەڵێن (فرق تسد)، واتە پەرتکە و زاڵبە، ئەوان دەیانەوێت بە پارە بێت، یان بە هەر شێوازێکی دیکە کەسانێك هان بدەن کە دژی سەربەخۆیی بن، چونکە ئەوانە دەیانەوێت لێکترازانی ریزەکان دروست بێت بۆ ئەوەی پرسی سەربەخۆیی سەرنەگرێت، بەڵام سوپاس بۆ خوا جەنابی کاك مسعود زیاتر پێداگیری لەسەر پرسی سەربەخۆیی دەکات. جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت، داوا لە هاوڵەکانی دەکات کە خۆڕاگر بن و پابەندبن بە مەبادیئەکانی خۆیانەوە، بۆیە هەروەك چۆن کاك مسعود لە شەڕی دژ بە داعشدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، پشت بە خوا لە بەرامبەر ئەو کەسانەشدا سەرکەوتوو دەبێت کە ناحەزی کوردن و ئێمەش هەموومان لەگەڵیداین.

*** سەردانەکەی جەنابی سەرۆك بۆ کەرکووك چۆن لێکدەدەنەوەو تا چەند بۆ بەرەوپێشبردنی پرسی سەربەخۆیی گرنگ بوو؟**

- سوپاس بۆ خوا لەم ماوەیەدا هاتنی جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بۆ شاری

**خەڵکی خورماتوو و کەرکووك و ئەو شوێنانەی کە لە سنووری عێراق نزیکین، زۆرتر و باشتر هەست بەو غەدر و زوڵمە دەکەین کە بە درێژایی مێژوو عەرەب بە سوننەو شیعەوە کە دەسەڵاتدار بوون لەئێمەی کورد و کوردستانییان کردووە**

**تورکمان و عەرەبە شیعە مەزهەبەکان یەکتریان گرتووەو دوژمنایەتی کورد دەکەن و لەهەر شوێن و کاتێکدا بۆیان بگونجێت، پەلاماری کوردەکان دەدەن، ئەگەر کوردێك لە خورماتوو بیەوێت رەگەزنامە بۆ منداڵێکی دەر بهێنێت کە فەرمانگەکە دەکەوێتە نزیك گەڕەکی تورکمانە شیعەکان، ناتوانێت بچێت، چونکە بۆی هەیە تەقەی لێبکەن و هەوڵبدەن بیکوژن، یان بیرفێنن و لەبری ئازادکردنی داوای پارەیەکی زۆر بکەن**

**ئەوانەی کە دژی سەربەخۆیین نەهامەتی دەربەدەری و زوڵمی عەرەب و حکومەتی عێراقیان نەدیتووە، بەڵکو هاتوونەتە سەر سفرەی حازر و دەستی دەرەکییان لەپشتە و شەهامەتی ژیانی شاخ و پێشمەرگایەتییان نەبووە**

کەرکووك وەك ئەوە وابوو ئاوێك بکەیت بە ئاگردا، عەرەب و تورکمانەکانی کەرکووك وایاندەزانی سەرکردایەتیی کورد خۆی بە خاوەنی کەرکووك نازانێت، بەڵام کاتێك جەنابی سەرۆك تەشریفی هێنا، بینیمان زۆربەی شێخە عەرەب و تورکمانەکانیش لەپێشوازیدا بوون و لەکۆبونەوەکە لەگەڵیدا دانیشتبوون. بۆیە هاتنی جەنابی کاك مسعود بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان مایەی سەربەرزیی میللەتی کورد بوو.

*** کەواتە ئێستا هەڕەشەیەکی جددی لەسەر دانیشتووانی ئەو ناوچانە هەیە، ئایا ئەمە دووبارەکردنەوەی ستەم و نادادییەکانی رابردوو نییە بەرامبەر کوردو بە خاکی کوردستان؟**

- ئەوەی باستان کرد راستە، یەڵام ئەمە خاکی خۆمانە، لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا رێز و خۆشەویستییەکی زۆر بۆ زمان و نەتەوەو خاك دانراوە، پێغەمبەری خوا (د.خ) کە لە شاری مەککە دەرکرا، فرمێسك بە چاوە پیرۆزەکانی دێتەخوارەوە، تۆش ئەو شوێنە کە ئاو و خاك و زێدی خۆت و باوك و باپیرانتە ئەگەر لێی دەربکرێیت، زۆرت پێناخۆشە، بەڵام کابرا ئەگەر رۆژانە شەڕی پێ بفرۆشرێت و تەقەی لێ بکرێت، ئەوە کورد مەجبوورن ئەو شوێنانە بەجێ بهێڵن، سەرەڕای ئەو زوڵم و ستەمەی کورد لەو شوێنەی خۆیان ماونەتەوە بە ئازایەتی و مەردایەتی و بەهێزو چەکی خۆیان لەو شوێنانە ماون. من خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەمە لەوەی کە لەم رۆژانە پڕوپاگەندەی ئەوە هەبوو کە حەشدی شەعبی هێرش دەکاتە سەر خورماتوو و شوێنەکانی تری ئەو ناوچەیەو من گوتم تەنیا ١٠ گەنجی خورماتوو بۆ بەرپەرچدانەوەو بەرگریکردن لەخۆمان بەسمانە، چونکە کورد ئیرادە و غیرەت و شەهامەتی هەیە، بەڵام ئەوان بۆ پارەو تاڵانی هاتوون. بۆیە باشترە تا زووە سەربەخۆ بین بۆ ئەوەی ئەو ناوچانانەی دابڕێندراون، بۆ سەر خاکی کوردستان بگەڕێنەوە، ئەمەش ئەگەر هەر سەرکردەو پێشەوایەك ئەو پڕۆسەیە سەربخات و کوردستان بەرەو سەربەخۆیی ببات، ئەوە سەربەرزییەو مێژوو ئەو سەروەرییەی بۆ خۆی و هەموو نەتەوەکەی تۆمار دەکات.

*** مامۆستایانی ئایینی رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە پشتیوانیکردنی پێشمەرگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، ئێستاش دەبینین مامۆستایان بەپەرۆشەوە پشتیوانی سەربەخۆیی دەکەن، چۆن ئەم رۆڵەی مامۆستایان لێکدەدەنەوە؟**

- لە خورماتوو لە وتارێکمدا کە لەبەردەم پێکهاتەکانی ئەو شارە پێشکەشم کرد کە زیاتر لە پێکهاتەی عەرەبی بوون، باسی مێژووی کوردم کرد لەخزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، بەتایبەتی رۆڵی زانایان و مامۆستایانی ئایینی لە نەتەوەی کورد، کەواتە رۆڵی بەرچاوی مامۆستایان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان لە هەقیقەت و بنەماکانی مەسەلەکان تێگەیشتوون. بۆیە هانی خەڵکی دەدەن تاوەکو پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان بکەن. چونکە ئەمە ئەرکێکی ئایینی و ئینسانی و نیشتمانییە. لەبەر ئەوەی ئێمەی کورد لە زەمانەی پێغەمبەرانەوە لەسەر ئەو خاك و ئاو و نیشتمانە بوونمان هەیە، مێژوونووسان دەیگێڕنەوە نەتەوەی کورد لەنەوەی سامی کوڕی حەزرەتی نووحە واتە ئێمە لەو سەردەمەوە لەسەر ئەم خاکەدا بوونمان هەیە. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت (یا أیها الناس إنا خلقناکم من ذکر وأنثى وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا إن أکرمکم عند الله أتقاکم)، ئەمانە هەموو وایکردووە لێکۆڵەرو توێژەران لەوانە ئیمامی ئالوسی و لێکۆڵەرانی دیکە کە لە راستیدا کورد نین، ئەو توێژەرانە ئەو ئایەتە وا لێکدەدەنەوە کە مرۆڤەکان خوا وای دروستکردوون کە پێکهاتوون لەچەند عەشیرەتێك و چەندین بنەماڵەو هۆزو نەتەوەیەك، لەوانە نەتەوەیەك هەیە، دەڵێن ناوی کوردە کە بە ئازایەتی و بە شەهامەت ناویان دەبات کە ژێردەستەو زوڵم و ستەم لەهیچ کەسێك قبووڵ ناکەن، بۆیە ئێستاش مامۆستایانی ئایینی هاندەرو پاڵپشتی خەڵکی خۆمانین کە پشتیوانی سەربەخۆیی کوردستان بکەن. چونکە ئەوەتا لە بەغدا کە پایتەختی عێراقە، کورد ناتوانێت بە ئۆتۆمبێلی ژمارە هەولێر، یان سلێمانی بچێتە ئەو شارەوە، چونکە بۆی هەیە بکوژرێت، سووکایەتی پێبکرێت و بگیرێت. بۆیە دووپاتی دەکەمەوە، تاوەکو زووتر لێیان جیا ببینەوە باشترە و ئەمەش مافی رەوای خۆمانە.

**عەرەب و تورکمانەکانی کەرکووک وایاندەزانی سەرکردایەتی کورد خۆی بە خاوەنی کەرکووک نازانێت، بەڵام کاتێک جەنابی سەرۆک تەشریفی هێنا، بینیمان زۆربەی شێخە عەرەب و تورکمانەکانیش لەپێشوازیدا بوون و لەکۆبونەوەکە لەگەڵیدا دانیشتبوون**

**هەر سەرکردەو پێشەوایەک ئەو پرۆسەیە سەربخات و کوردستان بەرەو سەربەخۆیی ببات، ئەوە سەربەرزییەو مێژوو ئەو سەروەرییەی بۆ خۆی و هەموو نەتەوەکەی تۆمار دەکات**

**مێژوونووسان دەیگێڕنەوە نەتەوەی کورد لەنەوەی سامی کوڕی حەزرەتی نووحە واتە ئێمە لەو سەردەمەوە لەسەر ئەم خاکەدا بوونمان هەیە**



**مایکڵ دێش پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ئاسایشی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی نۆتردام. پێشتر بەڕێوەبەری دامەزرێنەری پەیمانگای سکۆکرۆفت بۆ کاروباری نێودەوڵەتی بووە. پێش ئەوەش توێژەر بووە لە سەنتەری دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی کالیفۆڕنیای باکوور، هەروەها ئەندامی دەستەی وانەبێژی لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی کالیفۆڕنیا بووە. بۆ تاوتوێکردنی دوایین پەرەسەندنەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو تەحەددی و تەنگژانەی رووبەڕووی ئەم ناوچەیە بوونەتەوە، لەگەڵ چەند پرس و بابەتێکی گرنگی دیکەی پەیوەست بە ناوچەکەوە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** ئاشکرایە لە ئێستادا پشێوی و پاشاگەردانی باڵی بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشاوە، بە تێڕوانینی ئێوە گرنگترینی ئەو پێشهات و پەرەسەندنانە چین کە مایەی نیگەرانی زیاترن؟**

- پێموایە لە روانگەی بەرژەوەندییە دوورمەوداکانی ئەمریکاوە ناکۆکی روو لە هەڵکشاوی نێوان قەتەر و هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەتی سعودیە و میسر، بەشێکن لەو پەرەسەندنە نیگەرانکارانە، چونکە ئەمە بە مانای بوونی ناکۆکییەکی گەورە دێت لە نێوان هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، کە لە دەرئەنجامدا و بە رادەیەکی گەورە ئاڵۆزبوونی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای لە ناوچەکەدا لێدەکەوێتەوە.

*** پێتوایە بەپەلەترین ئەرك و بەرپرسیارێتی ئەمریکا، یان گرنگترین بەرژەوەندیی ئەمریکا لە ناوچەکەیەدا چین، کە پێویستە هەوڵ و کۆششەکانی لە پێناودا چڕبکاتەوە؟**

- بە باوەڕی من لە مەودای دووردا

**مایکڵ دێش**
بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە زانکۆی نۆتردام بۆ گوڵان:

# سیاسەتی شیعەگەرایی حکومەتەکەی مالیکی بووە دەروازەیەک بۆ سەرهەڵدانی داعش

بەپەلەترین، هەروەها قورسترین ئەرك بریتییە لە چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکیی ئیسرائیل و فەلەستین. چونکە ئەمە ناکۆکییەکە کە ماوەیەکی زۆرە ئەمریکای سەرقاڵ کردووە، هەروەها بۆتە هۆی دابەشبونی هاوپەیمانە جۆراوجۆرەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بە هەمان شێوە ئەمە کێشەیەکە کە بە رادەیەکی گەورە پێگەی ئەمریکا لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا لاواز دەکات. لە مەودای نزیکیشدا، چارەسەرکردنی کێشەی نێوان قەتەر و هەندێ وڵاتی کەنداو و میسر ئامانجێکی گرنگە بۆ ئەمریکا. مەسەلەیەکی گرنگی دیکە بریتییە لە چەسپاندن و برەودان بە دەستکەوتەکانی شەڕی دژ بە داعش، بەتایبەتی لەعێراقدا. لەکۆتاییدا، دۆزینەوەی جۆرێك لە چارەسەر بۆ شەڕی ناوخۆیی سووریا پرسێکی گرنگە بۆ ئەمریکا.

*** ئێوە لە وەڵامەکانتاندا زیاتر لە جارێك ئاماژەتان بەو تەنگژەیە کرد کە لە نێوان قەتەر و هەندێ وڵاتی کەنداو و میسردا دروست بووە، ئایا دەتوانین بڵێین سوودمەندی سەرەکی لەم قەیرانە ئێرانە؟**

- بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەمە دۆخەکەیە، کە ئەمریکا لە رێی هەڵگرتنی زنجیرەیەك لە هەنگاوی هەڵەوە و بە رادەیەکی گەورە پێگەی ئێرانی لە ناوچەکەدا بەهێز کردووە، بۆ نموونە بە گەڕانەوە بۆ داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣. من پێموایە لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردودا ئێمە بە شێوەیەکی بەردەوام- ئەگەرچی ئێمە ئەمە نیازی ئێمەش نەبووە- برەومان بە بەرژەوەندییەکانی ئێران داوە لە ناوچەکەدا.

> **ئەمریکا لە رێی هەڵگرتنی زنجیرەیەک لە هەنگاوی هەڵەوە و بە رادەیەکی گەورە پێگەی ئێرانی لە ناوچەکەدا بەهێز کردووە، بۆ نموونە بە گەڕانەوە بۆ داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣. من پێموایە لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردودا ئێمە بە شێوەیەکی بەردەوام- ئەگەرچی ئێمە ئەمە نیازی ئێمەش نەبووە- برەومان بە بەرژەوەندییەکانی ئێران داوە لە ناوچەکەدا**

*** کەواتە دروستە بڵێین هاوسەنگیی هێز لەم ناوچەیەدا-بەتایبەتی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە- لە بەرژەوەندی ئێران شکاوەتەوە، ئەمەش دۆخێکی خوڵقاندووە کە ئێران بتوانێت پێگەیەکی باڵا بەدەست بهێنێت لە وڵاتانی وەك عێراق و سووریا و لوبناندا؟**

- من باوەڕم وانییە ئێران هێزێکی دەستڕۆیشتووی مەزن بێت، کێشەکە ئەوەیە سیاسەتی ئەمریکا لە ماوەی رابردوودا پتر لە بەرژەوەندیی ئێران بووە لە بری ئەوەی خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خۆمان بکات.

*** هەروەك دەزانن شەڕی داعش بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بەتایبەتی لە عێراقدا و لە دوای رزگارکردنی شاری موسڵەوە، ئەگەر ئەرکەکە لە مەودای کورتدا بریتی بێت لە**

**تێکشکاندنی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە، ئایا دەبێت بۆ گەڕاندنەوەی ئاشتی و هێنانەئارای سەقامگیرییەکی درێژخایەن چی بکرێت؟**

- لە ڕاستیدا ریشەی کێشەکە کە دەرگای بە رووی هاتنی داعشدا والآ کرد بریتی بوو لە بوونی حکومەتێکی تایفەگەری لە بەغدا، کە لەو حکومەتەدا لایەنە خراپەکانی تایفەگەری و ناکارایی کۆببوونەوە. بەو پێیە پێویستە ئەمریکا لە ئایندەدا فشاری زیاتر بکات بۆ هاتنەئارای حکومەتێك کە دەرفەت بۆ هەمووان بڕەخسێنێت و بنکەیەکی نوێنەرایەتی بەرفراوانی هەبێت و، حکومەتێك بێت توانای ئەوەی هەبێت حوکمڕانی بکات لە سەرتاسەری وڵاتدا. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین، کە تێکشکاندنی داعش لە موسڵدا بە مانای ئەوە نییە کە هەڕەشەی داعش لە ناو بردراوە، ئەگەرچی بە دڵنیاییەوە پەرەسەندنێکی گرنگ و ئیجابییە.

**ریشەی کێشەکە کە دەرگای بە رووی هاتنی داعشدا والآ کرد بریتی بوو لە بوونی حکومەتێکی تایفەگەری لە بەغدا، کە لەو حکومەتەدا لایەنە خراپەکانی تایفەگەری و ناکارایی کۆببوونەوە. بەو پێیە پێویستە ئەمریکا لە ئایندەدا فشاری زیاتر بکات بۆ هاتنەئارای حکومەتێک کە دەرفەت بۆ هەمووان بڕەخسێنێت**

*** هەروەك دەزانن ئەرکی گەڕاندنەوەی ئاشتی و بەدیهێنانی سەقامگیرییەکی درێژخایەن لە عێراقدا، کە ئێوە گرێتاندایەوە بە پێکهێنانی حکومەتێکی کارا و دوور لە تایفەگەری، سەخت و دژوارە، ئایا پێتوایە ئەمە پێویستی بە مانەوەی هێزێکی سەربازیی ئەمریکا لە عێراقدا دەکات؟**

- نەخێر، من باوەڕم وانییە. چونکە دروستکردنی حکومەتێکی کارا ئەرك و ئامانجێکە کە دەبێت لەلایەن خودی خەڵکی عێراقەوە بەدیبهێنرێت. هەروەها تاوەکو ئەمریکا زیاتر لەو وڵاتەدا بمێنێتەوە، ئەوا ئەم پرۆسەیە خاوتر ئەنجام دەدرێت. ئەمریکا دەتوانێت پشتیوانی دەستەبەر بکات بۆ دروستکردنی حکومەتێکی کارا لە عێراقدا، بەڵام پێموانییە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا هاوکار و یارمەتیدەر بێت و لە ڕاستیدا ڕەنگە دەرئەنجامی پێچەوانەشی لێبکەوێتەوە.

*** ئێوە تا چەند گەشبینن بەوەی خەڵکی عێراق بتوانن بگەنە ڕێککەوتنێك بۆ دروستکردنی ئەم جۆرە حکومەتە؟ چونکە ئەزموونەکانی چەند ساڵی ڕابردوو سەرکەوتوو نەبوون لەم ڕووەوە و لە ئێستادا بێ متمانەییەکی قووڵ هەیە لە نێوان شیعە و سوننە لەلایەك و هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا لەلایەکی دیکەوە؟**

- لە ڕاستیدا من گەشبین نیم، چونکە بارودۆخەکە- هەروەك ئێوە بە دروستی گوزارشتان لێکرد- زۆر دژوارە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، قەناعەتم وایە ئامادەبوونێکی بەردەوامی سەربازیی ئەمریکا لە عێراقدا، هاوکار و یارمەتیدەر نابێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو دۆخە. لە کۆتاییدا چارەسەری کارا ئەو چارەسەرەیە کە لەلایەن خودی خەڵکی عێراقەوە دادەڕێژرێت و گەڵاڵە دەکرێت. من قەناعەتم بەوە نییە کە ئەم کارە ئەنجام بدەن، بەڵام قەناعەتێکی تەواوم هەیە کە تاوەکو ئەمریکا زیاتر لەو وڵاتەدا بمێنێتەوە، ئەوا ئەگەری هاتنەئارای چارەسەرێکی لەم چەشنە کەمتر دەبێتەوە.

*** ئەی تێڕوانین و پێشبینییەکانتان چین لەبارەی ئەگەری دروستبوونی کوردستانێکی سەربەخۆوە، پێتوایە دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی چی دەبن؟**

- دروستبوونی کوردستانی سەربەخۆ لەوانەیە کۆمەڵێك کێشە بەدوای خۆیدا بێنێت، لەبەر ئەوەی ئێران و تورکیاش زۆر نیگەران دەبن لەو بارەیەوە، و بە هۆکاری ناسەقامگیری وڵاتەکانیانی دەزانن. من لە خەون و ئاواتە نەتەوەییەکانی کورد تێدەگەم، بەڵام هەل و مەرجە واقیعییەکە بە چەشنێکی دیکەیە.

*** هەروەك دەزانن ئەوەی لە سووریادا دەگوزەرێت دۆخێکی بێ ئەندازە ئاڵۆزە، کە لە ئێستادا هەموو هەوڵەکانی لە دروستکردنی چەند ناوچەیەدا چڕکراونەتەوە کە تێیاندا بتوانرێت ڕێگری لە هەڵکشانی زیاتری دۆخەکە بکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەری هاتنەئارای جۆرێك لە هاوکاری لە نێوان هێزە گەورە و کاریگەرەکاندا چین، بەتایبەتی لە نێوان ئەمریکا و ڕووسیادا؟**

**چارەسەرکردنی کێشەی نێوان قەتەر و هەندێ وڵاتی کەنداو و میسر ئامانجێکی گرنگە بۆ ئەمریکا. مەسەلەیەکی گرنگی دیکە بریتییە لە چەسپاندن و برەودان بە دەستکەوتەکانی شەڕی دژ بە داعش، بەتایبەتی لەعێراقدا. لەکۆتاییدا، دۆزینەوەی جۆرێک لە چارەسەر بۆ شەڕی ناوخۆیی سووریا پرسێکی گرنگە بۆ ئەمریکا**

- پێموایە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندیی سیاسیی نێوان ئەمریکا و ڕووسیا دژوارتر بووە، ئەوەش بە ئاسانی نارەوێتەوە، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا پەیوەندی سیاسیی نێوان ئەمریکا و ڕووسیا بۆتە پرسێکی ناوخۆیی گرنگ لە ئەمریکا. لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕم وایە دۆناڵد ترەمپ بایەخی بەوە داوە کە ڕێککەوتنێك لەبارەی سووریاوە بێتەئاراوە، ئەویش لەسەر دوو

بنەما، یەکەمیان ئەوەیە کە هێزی سەربازیی رووسیا و ئەمریکا لە سووریادا نەکەونە باری رووبەڕووبوونەوەیەکی راستەوخۆوە، دووەمیان بریتییە لە خواستی تێکشکاندنی یەکجارەکی داعش، ئەگەر ئەمە مومکین بوو. کەواتە ئێمە بەردەوامبوونی هەوڵەکان بەدی دەکەین بۆ ئەوەی ئەم رووبەڕووبوونەوە سەربازییە راستەوخۆیە روونەدات. ئەمریکا بە نابەدڵییەوە ئەوەی لەبەرچاو گرتووە کە بوونی رووسیا لە سووریادا بۆتە واقیعێکی بەردەوام لە سووریا، بە گوزارشتێکی دیکە، ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کە ئەسەد بڕووخێندرێت.

*** باس لەوە دەکرێت کە لەگەڵ داکشانی قەڵەمڕەویی داعش لە سووریادا، ئەوا رۆژهەڵاتی سووریا دەبێتە گۆڕەپانی رکابەرییەکی جیوپۆلەتیکی کە هێزە جیهانییەکان و ئیقلیمییەکانیش هەوڵدەدەن دەستڕۆیشتوویی خۆیان لەم ناوچەیەدا بچەسپێنن، تا چەند لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا هاوڕان؟**

- پێموایە رووداني ئەم رکابەرییە شتێکی حەتمییە. هەروەها دۆخەکە خۆی لە خۆیدا ئاڵۆزە، کە بوونی کورد و عەرەبی سوننە دەبنە هۆی ئاڵۆزترکردنی ناکۆکییەکە لەگەڵ رژێمی ئەسەد لە دیمەشقدا. بە هەمان شێوە کاراکتەر و گەمەکاری ئیقلیمیش هەن، وەك ئیسرائیل و تورکیا و ئێران کە بەرژەوەندی دژبەیەکیان هەیە لەو وڵاتەدا. لەبەر ئەوە من پێشبینی دەکەم کە دۆخی ئاڵۆزی سووریا بەردەوام بێت.

*** ئێوە ئاماژەتان بە وڵاتی تورکیا کرد، ئایا تورکیا تا چەند دەتوانێت لەسەر رەوتی رووداوەکانی سووریا کاریگەر بێت؟**

- لە رووی مەبدەئییەوە تورکیا دەتوانێت کاری زۆر ئەنجام بدات، بەڵام ئەو فاکتەرەی هەوڵەکانی تورکیای ئاڵۆز کردووە، ئەوەیە کە تورکیا زۆر نیگەرانە لە هەڵکشانی رۆڵی کوردی سووریا، کە هەمان ئەو نیگەرانییەشی هەیە لەبارەی سەربەخۆبوونی کوردەوە لە عێراقدا. لەبەر ئەوە ناکرێت وەك هێزێکی سەقامگیرکار لە سووریادا پشت بە تورکیا ببەسترێت.

*** هەر لە پەیوەندی بە رۆڵ و سیاسەتی هێزە ئیقلیمییەکان ئاشکرایە لە ئێستادا رکابەرییەکی توند لە نێوان ئێران و سعودیەدا لەئارادایە، ئایا پێشبینییەکانت بۆ دەرهاویشتەی ئەم رکابەرییە چییە، ئایا سەردەکێشێت بۆ پێکدادان و روبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ یاخود دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە ئاشتەواییەك لە نێوانیاندا بەدی دێت؟**

- من باوەڕم بەوە نییە کە ئاشتەوایی لە نێوانیاندا بێتەدی، لە هەمان کاتدا باوەڕیشم بەوە نییە کە ئێران و سعودیە بکەونە رووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ یەکتردا. سعودیە نیگەرانە لەبارەی دانیشتوانی شیعەی رۆژهەڵاتی وڵاتەکەی، لەگەڵ کاریگەریی هەڵکشاوی ئێران لە نێو وڵاتانی دیکەی کەنداو، کە هەوڵدەدات ئەوەندەی دەکرێت ئیحتیوای بکات، بەڵام رووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە نێوان ئێران و سعودیەدا لە بەرژەوەندیی سعودییە نابێت و، بگرە مەترسیدار دەبێت بۆ ئەو وڵاتە. لەبەر ئەوە پێم وایە هەوڵدەدات کە رووداوەکان بەو ئەندازەیە لە کۆنترۆڵ دەرنەچن.

*** باشە ئەی پێشبینییەکانت بۆ ئایندەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران و چین، کە ئێمە دەبیین ئیدارەی ترەمپ هەوڵدەدات سیاسەتێکی توندتر لە ئاست ئێراندا بگرێتەبەر، ئایا دەکرێت پێشبینی رووداني رووبەڕووبوونەوەی نێوان ئەمریکا و ئێران بکەین، یاخود لێکنزیکبوونەوە لە نێوانیاندا روودەدات؟**

- لە نێو ئیدارەی ترەمپدا دابەشبوون هەیە لەبارەی چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێراندا، هەروەها لەنێو رای گشتی ئەمریکاشدا تێڕوانینی تێکەڵ هەیە لەبارەی ئێرانەوە. من باوەڕم وانییە بەم نزیکانە پەیوەندییەکانی نێوانیان —ئەمریکا و ئێران- بەرەوپێشبچێت و باشتر بێت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە پێموایە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران لە شەڕی دژ بە داعش لە عێراق و تا رادەیەك لە سوریادا ناکۆك بە یەك نین.

*** ئایا باشترین و خراپترین سیناریۆکان چین کە چاوەڕێی ئەم ناوچەیە دەکەن؟**

- لە راستیدا باشترین و خراپترین سیناریۆ هەر هەمان شتن، واتە دەبێت چاوەڕێی بەردەوامبوون و درێژەکێشانی ناکۆکی ناوخۆیی بکەین کە دەرئەنجامی دەوڵەتی لاواز و دەستکردی ناوچەکەن.

**به شێوەیەکی گشتی پەیوەندیی سیاسیی نێوان ئەمریکا و رووسیا دژوارتر بووە، ئەوەش بە ئاسانی نارەوێتەوە، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا پەیوەندی سیاسیی نێوان ئەمریکا و رووسیا بۆتە پرسێکی ناوخۆیی گرنگ لە ئەمریکا. لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕم وایە دۆناڵد بایەخی بەوە داوە کە رێککەوتنێک لەبارەی سووریاوە بێتەئاراوە، ئەویش لەسەر دوو بنەما، یەکەمیان ئەوەیە کە هێزی سەربازیی رووسیا و ئەمریکا لە سووریادا نەکەونە باری رووبەڕووبوونەوەیەکی راستەوخۆوە، دووەمیان بریتییە لە خواستی تێکشکاندنی یەکجارەکی داعش، ئەگەر ئەمە مومکین بوو**

**دروستبوونی کوردستانی سەربەخۆ لەوانەیە کۆمەڵێک کێشە بەدوای خۆیدا بێنێت، لەبەر ئەوەی ئێران و تورکیاش زۆر نیگەران دەبن لەو بارەیەوە، بە هۆکاری ناسەقامگیری وڵاتەکانیان دەزانن. من لە خەون و ئاواتە نەتەوەییەکانی کورد تێدەگەم، بەڵام هەل و مەرجە واقیعییەکە بە چەشنێکی دیکەیە**